هێزە دلێرەکانمان دەستی بۆ لایین لەسەنگەرەکانی فارسی دوژمن دەوەشێنن

ڕۆژنامەیەکە حەفتەی دووجار دەردەچێ
٤ لاپەڕەیە
٢٥ فلسە

هاوکار
الـتـضـامـن

شەقامی الخلفاء
مەیدانی الخلدونی
ت ٥/٨٨٧٥٧٩٥ خەزنە
ساڵی ١٩٧٠ ژمارە زیادە

ڕۆژگاری ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی
بەڕێوەبەری گشتی و سەرنووسەر
اسماعیل رسول

● دووشەممە ٨ی کانوونی یەکەم ١٩٨٠ ژمارە ٥٦٣ ●

بریاری میژوویمان‌دا بۆ گێڕانەوەی دەستەڵاتی تەواومان لەسەر خاک‌وئاوەکەمان‌و بە توانای لێهاتنەوە دژی هەرکەسێ دەوەستین بەربەستی ئەم بریارە میژوویە ڕەوایەبکات .

سەرۆکی فەرمانده
صدام حسین

فرۆکە هێلیکۆپتەرەکانمان چەندین سەنگەری دوژمن لە ڕێگای عەبادان - شێخ بدێر - تێک دەشکێنن

زیانەکانی دوژمن

- ٥٦ کوژراو پێنج تانک و ١٤ ئۆتۆمبیل سیانیان بریان سەرباز بووە .
- خستنە خوارەوەی هێلیکۆپتەرێکی دوژمن و هەڵتەکاندنی لوولەی نەوتی نێوان عەبادان و شێخ بدێر .

سەرکردایەتی گشتی هێزەچەکدارەکان ڕۆژی ٦-١٢-٨٠ بەیاننامەی ژمارە (١٧٠) ی دەرکرد کە تیایدا هاتووە هێز چەکدارە سەرکەوتووەکانمان بەسەربەرزی و وورە بەرزی لەسەر نامانجاکانیان ڕاوەستاون و ئەنجامی چالاکی بەکانیان ئێوارەی ٥-١٢ و سەر لەبەیانی ٦-١٢ لە کەرتەکانی بەرەی جەنگ بەم چەشنە بووە :

زیانەکانی دوژمن : ٢ کوژراو لەکەرتی میهران و «٣١» کوژراو لەکەرتی سەرپێڵی زەهاوو ١٠ کوژراو لە عەبادان و ٣ کوژراو لە ناوچەی دزفوول و ١٠ کوژراو لە خەفاجییە .. بەمەیشەوە سەرجەمی زیانەکانی دوژمن بووە بە ٥٦ کوژراو، تێکشکاندنی ٣ تانک و دوو توپخانە و «١٢» ئۆتۆمبیل سیانیان پڕ لە سەرباز بووە و یەکێکیان پڕ لەتەقەمەنی .. دوو نەفەربەری زرێڵی و .. دوو کۆمەڵە تەقەمەنی و .. یەک ڕوانگە، هەڵتەکاندنی لوولەی نەوتی نێوان عەبادان و شێخ بدێر ، خستنە خوارەوەی یەک فرۆکەی هێلیکۆپتەر لەکەرتی عیلام لەلایەن فرۆکە جەنگی یەکانمانەوە .

ئەمەو فرۆکە هێلیکۆپتەرەکانی سەر بە فرۆکەوانی‌ی سوپامان ڕۆژی ٦-١٢ هێرشیان بردووەتە سەر چەندین سەنگەری سوپایی دوژمن لە ڕێگای عەبادان شێخ بدێر و ئەم شتانەی خوارەوەیان تێک شکاندووە :

دوو تانک و یەک توپخانە و دوو ئۆتۆمبیل .

بەمەیشەوە زیانەکانی دوژمن بوو بە پێنج تانک و سێ تۆپخانەی هەمە چەشن و ١٤ ئۆتۆمبیل کە سیبانیان پڕ لەسەرباز بووەو یەکێکیان پڕ لە تەقەمەنی سەرەڕای دوو نەفەربەری زرێڵی و دوو کۆمەڵە تەقەمەنی و یەک ڕوانگەو یەک هیلیکۆپتەرو هەڵتەکاندنی لوولەی نەوتی نێوان عەبادان و شێخ بدێر .

زیانی ئێمەیش ١٥ شەهیدو لە کارکەوتنی یەک توپخانەو دوو ئۆتۆمبیل و یەک نەفەربە بووە لە هەموو کەرتەکانی بەرەی جەنگ .

نووسەرێکی گەورەی هند :

عیراق توانای چاوچنۆکی‌ی فراوانگەری ژێمی فارس کۆتایی پێ بهێنێت

یەکێک لە نووسەرە گەورەکانی ڕۆژنامەگەرێتی‌ی هندستان دووپاتی‌کردەوەکە عیراق بە پراکتیک توانی‌ی گرنگترین ئامانجێک کۆتایی‌پێ‌بهێنێت کە ڕژێمی ئێران لە دەستدرێژی‌کردنی بۆ سەر عیراق هیوای دەخواست ئەویش چاوچنۆکی‌ی فراوانگەرێتی‌یەتی لە ناوچەی کەناری عەرەبی .

هەروەها - دیوان بیرندرانات - ی ڕۆژنامەنووس لە ووتارێکدا کە گۆڤاری - بلتز - ی هەفتانەی هندی بڵاوی کردووەتەوە دووپاتی کردەوە جیهان هەموو زانی‌ی کە عیراق هێزی ئەوەی هەیە ڕژێمی فارس ناچاربکات ددان بە هەموو مافەکانی‌دا بنێت .

نووسەری ووتارەکە ووتوویەتی ئەو قۆناغەی کە جەنگ بڕیویەتی بەئاشکرا دەسترۆیشتنی عیراقی چەسپاند لە هەردوو بەرەی سوپایی‌و دیبلۆماسی‌و ئەوەی ڕژێمی فارس‌و جادووگەرەکانی دەیڵێن هیچ بایەخێکی نی‌یە .

نووسەرەکە ڕوونیشی کردووتەوە کە ڕژێمی فارس توانای ئەوەی نی‌یە ئەو ناوچانە بسێنێتەوە کە هێزەکانی عیراق دەستیان بەسەردا گرتووەو دەست‌و پێوەندەکەی هیچ شتێکیان لە دەست نایەت ئەوە نەبێت قسەی زل بکەن کە ئامانجیان ڕێ وون‌کردنی گەلانی ئێرانەسەبارەت بە ڕاستی‌ی ڕووداوەکان .

(دیوان بیرندرانات) ی نووسەر دووپاتیشی کردووەتەوە کە هیچ شتێک لەبەردەمی ئەم ڕژێمەدا نی‌یە تەنیا یەک ڕێگا نەبێت ئەویش ددان پێدانانە بە تەواوی مافەکانی عیراق لەسەر بەخۆیی خۆی‌دا .

سەبارەت بە بارودۆخی نارخۆی ئێرانیش ووتوویەتی پاش دەستدرێژی کردنی ڕژێمی ئێران بۆ سەر سەربەخۆیی عیراق ئەو بارو دۆخەی نێو ئێران بەرەو ناهەمواری چووەو زۆر دژوارو سەختەو ڕۆژ لە دوای ڕۆژ بەرەو خراپ تر دەچێت‌و پەرەسەندنی بەرهەڵستی دژی ڕژێم ڕەفتارەکانی ئاشکراترین بەڵگەی ئەم قسەیەن .

پسپۆڕێکی ستراتیژیەتی سوپایی فەرەنسی

هەڵوێستی عیراق وەک هەڵوێستی فەرەنسای سەردەمی دیگۆل وایە

دیارترین شارەزاو پسپۆڕی فەرەنسی لە ستراتیژیەتی سوپایی‌دا ووتوویەتی هەڵویستی عیراق وەکوو هەڵویستی فەرەنسای سەردەمی دیگۆل وایە کە ئەو هەڵویستەیە پشت بە سەر بەخۆیی لە بڕیاردان‌دا دەبەستێت .

ژەنەرال بیار گالوا کە ئەندازیارانی سیاسەتی ئەتۆمی‌ی فەرەنساو چەندین کتێبی سەبارەت بە ستراتیژیەتی سوپایی هەبە بیرو ڕای خۆی دەربڕیوە کە عیراق نایەوێت خاکی ئێران داگیر بکات بەڵکوو بۆ ئەوە تێدەکۆ شێت ئێران ددان بە مافەکانی عیراق‌دا بنێت لە سەر بە خۆیی تەواوی خۆی بە سەر خاک‌و ئاوی خۆی‌دا.

پسپۆڕە فەرەنسی‌یەکە قسەکانی سەرۆکی فەرماندەی بە وێنە هێناوەتەوەو باسی تواناو بە هێزی‌ی هێزەکانی عیراقی کردووە کە بە درێژایی هەزار کیلۆمەتر دژی هێزەکانی ئێران دەجەنگێن .

کۆبوونەوەی بەرزی دەوڵەتانی پەیمانی وارشۆ لە مۆسکۆ

سەرچاوەیەکی سۆفیەتی لە مۆسکۆ ، شەوێ هەینی‌ی ڕابوردوو ئاژانسی دەنگ‌وباسی فەرەنسی ڕای‌گەیاند کە کۆنگرەیەکی بەرزی دەوڵەتانی پەیمانی وارشۆ ڕۆژی هەینی ٥-١٢-١٩٨٠ لە مۆسکۆی پایتەختی سۆفیەت بەسترا .

هەروەها ئاژانسی دەنگ‌وباسی ئەسۆشیێتد پرێس لە هەواڵێک‌دا بە زمانی چەند سەرچاوەیەکی ڕەسمی‌ی سۆفیەتی‌یەوە ووتوویەتی سەرکردەی هەر حەوت وڵاتانی ئەندام‌و پەیمانی وارشۆ ڕۆژی هەینی‌ی ڕابوردوو کۆبوونەوەیەکی بە پەلەی ڕانەگەیاندراویان بۆ لێکۆڵینەوەو باس کردنی بارودۆخی ئێستای پۆلەندە لە مۆسکۆ بەستووە .

کۆبوونەوەی وەزیرانی پەیمانی ئەتلەسی ..

ئەنجومەنی وەزیرانی ڕێکخراوی بەیمانی ئەتلەسی ئەم هەفتەیە لەشاری بروکسل کۆدەبێتەوەو لە سیاسەتی بەرگری درێژخایانی پەیمانەکە دەکۆڵێتەوە . چاودێری‌کەران لەو باوەڕەدان کۆبوونەوەکە بگۆڕێری بە تەنیا باسی کێشەکانی ئەوروپا بکات .

ڕۆژنامەیەکی فەرەنسی باسی درندایەتی ڕژێمی حافظ اسد دەکات

گۆڤاری - لونوفیل ئوبزرفاتوری - هەفتانەی فەرەنسی ڕایگەیاند کە هاوولاتی سووری ئێستاکە دەپرسێت کە چۆن ئەردەن بوە دوژمنی سەرەکی‌ی سوریا لە جیاتی زایۆنی دوژمن .

گۆڤارەکە دووپاتی‌کردەوە کەهاوولاتی سووری باوەڕ بە قسەکانی ڕۆژنامەکانی ڕژێمی حافظ اسد دەکات کە لە ڕۆژنامەکانی ڕژێمی حافظ اسد دەکات بەزەبرو زەنگی تۆقاندنی گەلی عەرەبی سووری لەسەر حوکم ماوە ناکات گۆڤارەکە لە ووتارێکی کورتداکە لەم بارەیەوە نووسیویەتی دەڵێت مەبەستی ڕژێمی حافظ اسد لە کەلەکەکردنی سوپای سووریا لەسەرسنووری ئەردەن خەریک کردنی‌ی سوپای ئەوەدەوڵەتەیە کە نەتوانێت دەوری گرنگی خۆی لە جەنگی چارەنووس‌و یارمەتی‌دانی عیراق ببینێت .

وەزیری دەرەوەی تورکیا دەگاتە عەممان

پێرێ ئێوارە بەڕێز ئەلتەرتورکمان وەزیری دەرەوەی تورکیا بە سەردانێکی ڕەسمی‌کە چەند ڕۆژ دەخایەنێت گەیشتە عمان پایتەختی ئەردەن .. وەزیری تورکیا لەو سەردانەیدا باسی پەیوەندی دوو قۆڵی نێوان ئەردەن‌و تورکیا و دواکۆرانکاری دەربارەی مەسەلەی فەلەستین دەکات .

بەڕێز ئەلتەر لە قسەیەکیدا ناڕەزای خۆی دەربڕی کردەوەکانی زایۆنی دوژمن‌و گوێ‌نەدانە بڕیارەکانی نەتەوە یەکگرتوەکانی دەربڕی‌و دووپاتی‌کردەوە کە حکومەتەکەی هەمیشە پشتگیری گەلی عەرەبی فەلەستین دەکات بۆ وەدەستهێنانی مافە ڕەواکانی .

سەرۆکی کینی سەر لە سودان دەدات

لە پانزەی ئەم مانگەدا بەڕێز دانیال ئاراپ موی سەرۆکی کینی بە سەردانێکی ڕەسمی کە چواررۆژدەخایەنێت سەر لە سودان دەدات ئەمەش لە بەیاننامەیەکی ڕەسمی لەنایرۆبی بڵاوکرایەوە .

وەزیری دەرەوەی هولندا دەگاتە ئەنکارە

وەزیری دەرەوەی هولندا ئەمڕۆ گەیشتە ئەنکارە بۆ سەردانێکی ڕەسمی‌کە چەند ڕۆژ دەخایەنێت .

موهیب ڕۆکن صدام حسین چاوی بە وەزیری دەرەوەی کووبا دەکەوێت

سەرۆکی بەڕێز موهیب ڕۆکن صدام حسین سەرکردەی گشتی‌ی هێزە چەکدارەکان پێرێ ئێوارە چاوی بە بەڕێز ئەسیدۆرۆ مالمیرکا وەزیری‌دەرەوەی کووبا کەوت .

لە کاتی چاوپێکەوتنەکەداباسی هەوڵ‌و تەقەلای‌بزووتنەوەی بێ‌لایەنی کرا لە چوارچێوەی ئەو هەوڵانەی بۆ چارەسەر کردنی ناکۆکی‌ی‌نێوان عیراق‌و ئێران دەیدات.

بەڕێز طارق عزیز ئەندامی‌ئەنجوومەنی سەرکردایەتی‌ی‌شۆڕش چێگری سەرەک وەزیران‌و دکتۆر سعدون‌حمادی وەزیری دەرەوەو بەڕێز باڵیۆزی کووبا لە بەغدا لەم چاوپێکەوتنەدا ئامادە بوون .

چەکدارە کوردەکان هێرش دەبەنە سەر باسەوانەکانی خومەینی

- منتظری ددان بەوەدا دەنێت کە ڕژێمەکەیان بێ‌هێزە
- دابەش کردنی بڵاوکراوەی دژ بە خومەینی لە ناوسوپادا
- پەرەسەندنی ناکۆکی‌نێوان تاقمەکەی خومەینی

شەوی پێنج شەممەی ڕابوردوو کوردە چەکدارەکان لە کوردستانی ئێرانداهێرشیان بردووەتە سەر باسەوانەکانی خومەینی‌ی‌ڕەگەزپەرست لە گوندی ئەندرقاس‌و گونگالەو ژمارەیەکی تری لادێی دەوروبەری شاری مەهاباد .

ئیزگەی تارانیش ڕۆژی هەینی‌ی ڕای‌گەیاند کە لەو هێرشانەدا چەکی هەمەچەشنە بەکار هێنراون کە چەکی قورسی چەشنی کالیبەر - ٥٠ و ڕەشاشی چەشنی (ئێم . جی -١) و (ئێم . جی -٢) یان تێدا بووە ، ئیزگەکە دەڵێت بەوەدا ناوە کە ژمارەیەک باسەوانانی خومەینی‌ی ڕەگەزپەرست کوژراون‌و بریندار کراون بەڵام باسی شتی تری نەکردووە .

دیسان هەینی‌ی ڕابوردوو منتظری یەکێک لە دەست‌وپێوەندی تاقمەکەی خومەینی لە ووتەیەکدا دەڵێت بەوەدا ناوە کە ئەم ڕژێمەی ئێستای ئێران بێ‌هێزە .

پەنجەیشی بۆ ئەوە ڕاکێشاوە کە بە شێوەیەکی نایاسایی هاوولاتی‌یانی ئێرانی‌یەکان دەست بەسەر دەکرێن‌و دەخرێنە زیندان‌و گرتووخانەکانەوە .

منتظری ددانیشی بەوەدا ناوە کە بڵاوکراوەی دژ بە خومەینی‌و دەستەودایەرەکەی لە ناو سوپادا دابەش کراوەو ووتوویەتی « چەند کەسێک هەن ئامانجیان ئەوەیە دووبەرەکی بخەنە سوپاوەو گەل پارچەپارچە بکەن » .

هەروەها ڕادیۆنی تاران بڕیاریکی بڵاوکردەوە داوای دەرکردنی احمد سلامائیان کە یەکێکە لە یارمەتی‌دەرە هەر نزیکەکانی سەرۆکی ڕژێمی فارسی ابو الحسن بنی صدر لە پەرتەمانی ئەو وولاتە کردوە.

ڕادیۆی تاران ڕایگەیاند کە سەرۆکی ڕژێمی فارسی پەیوەندی‌یەکانی لەگەڵ سلامائیان بپچڕێنێت .. هەروەها ووتی سلامائیان کە هەروەها ووتی سلامائیان کە سەرۆکایەتی مەکتەبی سەرەک کۆمار دەکات لە شاری مشهدی باکوری ڕۆژهەڵاتی ئێران ووتارێکی داوە تیایدا هێرشی بردۆتە سەر داروودەستەی خومەینی وەکو بەهەشتی‌و ڕەفسنجانی سەرۆکی پەرلەمانی ئەو وولاتە . شایانی باسە سلامائیان لەسەر داروودەستەی بنی صدر- قطب زادە دەژمێردرێت‌و لەسەرەتای ئەم ساڵەدا بۆ ماوەیەکی کورت بەڕێوەبەری ئێستگەو تەلەفزیۆنی ئێران بوو لە دوای ئەوە خومەینی لەسەر ئەم کارەی لابرد .

لەلایەکی ترەوە ڕادیۆی ئەم ڕژێمە دانی بەوە ناوە کە لەهەفتەی ڕابردوودا چەند جارێک شەر لە نێوان پاسەوانی خومەینی‌و لایەنەکانی دژ بە وان لە مازندەران‌و دەریای قەزوین ڕوویداوە .

Institut Kurde de Paris

له پارێزگای سلێمانی

سوپای میللی دەوریکی تایبەتی دەگێڕێت بۆ پاراستنی بەرەی ناوخۆ

بەرێکی فەرمانڕەوا لە

سوپای میللی لە ناوچەی سلێمانی دەوریکی دیارو ئاشکرا دەگێڕێت لە پاراستنی بەرەی ناوخۆ بە هاریکاری کردن لەگەڵ دامودەزگاکانی تری ئاسایش‌دا ٠

هاوڕێ عبدالرزاق فارس سەرکردەی ناوچەکە لە ووتەیەك بۆ پەیامنێری ئا . د. ع ووتی ئەم تاقی کردنەوەیە لە وولاتەکەمان‌دا بەوە لە تاقی کردنەوەکانی دیکە جودا دەکرێتەوە کە بڕهاوتایە .. ئەویش لە بارەی توانای جەنگاوەری عیراقی‌یەوەو ووردی ڕابەڕاندنی ئەو ئەرکەی پێ‌دەسپێررێت بە لە سەر خۆیەکی داهێنەرانە لە هەموو بارودۆخێك‌دا کە بەرەو رووی دەبن .

هاوڕێ سەرکردەی ناوچەکە ئەو چالاکی‌یە سەرکەوتووانەی بە وێنە باس کردووە کە جەنگاوەرانی سوپای میللی لە خاکی رزگار کراودا جیبەجیبان کردوون .. ئەوەبوو ئەوەو جەنگاوەرە بە جەرگانە توانی‌یان لە جێبەجێ کردنی ئەرکی جەنگی‌دا لەوێ بەشداری بکەن .. بە ڕێکخستنی داهێنەرانە لە گەڵ هێزە چەکدارە نەبەردەکانمان‌دا .. ئەمە وەك بەڕێز سەرۆکی فەرمانده صدام حسین ووتی .. سیفەتێکی تایبەتە .. کە پێش ئیستا هیچ میلیشیایەکی نیشتمانی لە جیهان‌دا لە دەرەوەی سنووری وولاتەکەی خۆی ئەنجامی نەداوە .. ئا بەم چەشنە جەنگاوەرانی سوپای میللی چەسپاندنیان‌کە پاڵپشتی بە هێزی سوپای نەبەزمانن ٠

هەروەها ئەفسەرێکی سوپای میللی لە ناوچەی سلێمانی ووتی دەورەی مەشق پێ‌کردنی ئەو هاوولاتی‌یانەی ئارەزووی خۆ بەخت‌کردنن لە ناوچەکەدا بەردەوامە . . کە بەگوێرەی پرۆگرامی چڕو لە ماوەیەکی قیاسی‌دا جێبەجێ دەکرێن بۆ ئەوەی هەموو هاوولاتیە ئارەزوومەندەکان کە دەیانەوێت لە جەنگ‌دا بەشداری بکەن بە باشی فێری بە کارهێنانی چەك ببن.

هەروەها هاوڕێ جاسم حسن یەکێك لە فەرماندەرانی کۆمەڵەکانی کەرتی ناوەندی‌ی پارێزگاکە پێخۆشحاڵی‌ی خۆی پیشتان‌دا بەوەی کە جەنگاوەرانی سوپای میللی ڕادەی داخوازی کراویان هەیە لە جێبەجێ کردنی ئارکە جۆراوجۆرەکانی جەنگ‌دا .

جەنگاوەر عودە کاظم‌یش پەنجەی بۆ ئەوە راکیشاوە کە جەنگ لە گەڵ فارسی دوژمن‌دا هەڵێکی گەورە بوو وای لێ‌کردین بە ڕاستگۆیی وەفاو خۆشەویستی‌ی خۆمان بۆ حزب‌و شۆڕش‌و سەرکردە دەربڕین .. کە وایش دەبین دەبێت بەخششو ڕەنجەکانمان جیا کاربێت بۆ داکۆکی کردن لە خاك‌و پاراستنی دەستکەوتەکانمان.

ژمارەیەکیش لە جەنگاوەرە ئازاکان : عمر احمدو کمال رزوف جاسم‌و عزیز توفیق‌و جبار خیراللەو محمد سعیدو احمد نوری ئارەزووی خۆیان دەربڕیوە بۆ بەشداری کردنی فیعلی لە جەنگ‌دا دژ بە فارسی دوژمن . ئەویش بۆ دەرس دادانێکی ئەوتۆی دوژمن تاوەکوو ددان بەمافەکانی عیراق‌دا بەتەواوەتی دەنێت .

دروست‌کردنی ٤٦٨ شوقەی نیشتەجێ لە پارێزگاکانی باکوور

دامەزراوی گشتی‌ی ڕاپەڕاندنی پرۆژەکانی نیشتەجێ لە ناوچەی باکوور ٤٦٨ شوقەی تەواو کردووە لە سەرجەمی ٣ هەزارو ٣٣٨ شوقە کە ئێستا خەریکە لە پارێزگاکانی تەئمیم‌و نەینەواو سەلاحەدین‌و هەولێرو دهۆك‌و سلێمانی دروست دەکرێن .

ئەم شوقانە کە بەسەر ٢٤٩ ئەپارتمانی نیشتەجێ‌دا دابەش‌کراون لەگەڵ پرۆژەکانی خزمەتگوزاری‌ی تایبەتی‌دا ٣٤ ملیۆن‌و ٣٩٥ هەزار دیناریان تێ‌دەچێت .

دروست‌کردنی ئەم ئەپارتمانانەیش کە یەکەمین تاقی‌کردنەوە پێك دەهێنێت‌و ئاوچەی باکوور بەخۆوەی دەبینێت لە تێڕوانینەکانی سەرکردایەتی‌ی حزب‌و شۆڕشەوەیە بۆ جارەسەرکردنی تەنگ‌و چەڵەمەی نیشتەجێ‌و ئامادەکردنی خانو بەرەی نوێ بۆ هاوولاتیانی ناوچەکەو وەدی‌هێنانی بازدانێکی چەشنەکی‌ی گەورە لە ژیانیان‌دا .

ئەوە بوو لە پارێزگای سلێمانی ٢٢٨ شوقەی نیشتەجێیی دروست کراون‌و .. رادەی کاریش لە شوقەکانی تردا کە ژمارەیان ١٤٤ شوقەیە گەیشتووەتە ٦٦ ٪ .

لە پارێزگای دهۆکیش ١٨٠ شوقە دروست‌کراون‌و هەروەها لە پارێزگای هەولێر ٦٠ شوقە دروست‌کراون .

وەرگرتنی لەهێشتا سەد قوتابی‌ی کوڕو کچ لە ئامۆژگای هونەری لەهولێر

ژمارەی ئەو قوتابی‌یانەی‌کە لە ئامۆژگای هونەری هەولێر بۆ ئەم ساڵی خوێندن وەرگیراون گەیشتووەتە ٨٠٠ قوتابی‌ی کوڕو کچ .

ئەو قوتابی‌یانەیش بەم جۆرە دابەش‌کراون ٢١٠ قوتابی لە بەشی مەدەنی‌و ١٨٠ قوتابی لە بەشی کارەباو ١٨٠یش لە بەشی میکانیك‌و ١٥٠ قوتابی لە بەشی ژمێریاری‌و ٩٠ قوتابی لەبەشی بەڕێوەبردنی نووسینگەکان .

بەڕێز محفوظ حمدون عەمیدی ئامۆژگاکە بە وەکالەت ووتی ئەم ساڵ فراوانی‌یەکی گەورەی بە خۆیەوە دیتووە لە وەرگرتنی قوتابیان‌دا چونکە سەرجەمی وەرگیراوان پار گەیشتبووە تەنیا ٢٦٣ قوتابی‌ی کوڕو کچ .

پەنجەیشی بۆ ئەوە ڕاکێشاوە کە ئەم فراوانی‌یە بۆ جێبەجێ کردنی نەخشەی دامەزرگەی ئامۆژگا هونەری‌یەکانە لە جێ‌کردنەوەی گەورەترین ژمارەی دەرچووانی خوێندنی ئامادەیی بۆ مەشق‌پێ‌کردنیان لەم ئامۆژگایەدا .. ئەنجا دامەزراندنیان لە دام‌و دەزگاکانی بەرهەمهێنان‌و خزمەتگوزاری‌دا بە پلەی مەلاکی هونەری‌ی مام‌ناوەندی.

هەروەها پەنجەیشی بۆ ئەوە ڕاکێشاوە کە پاش ئەوەی ئامۆژگاکە چووەتە بنیایە نوێ‌یەکەی کە هەموو پێداویستی‌یەنوێ‌یەکانی مەشق پێ کردنی تێدایە دوو لقی نوێ‌ی سەر بە بەشی مەدەنی کرایەوە کە بەشی بیناسازی‌و دروست‌کردنەو بەشی ڕووپێوان‌و دوو بەشی تری سەر بە کارەبا کە بەشی ئەلکترۆنێك‌و بەشی ماشینی کارەبایی‌و لقی تەبریدو تەکیفی سەر بە بەشی میکانیکن .. هەروەها لقی بەڕێوەبردنی نووسینگەو ژمیریاری لێك جوداکرانەوەو هەریەکەیان کرایە بەشێکی سەربەخۆ پێش ئەوەی ساڵی باری خوێندن یەك بەش بوون .

ئێستایش ئامۆژگاکە خەریکی ئەوەیە بەشێکی نوێ بۆ بەڕێوەبردنی دەزگاکانی گەشت‌وگوزار بۆ ساڵی خوێندنی داهاتو بکاتەوە ئەویش بۆ پڕکردنەوەی پێداویستی‌یەکانی ناوچەکە بە میلاکی گەشت‌و گوزاری مەشق‌پێ‌کراو ٠

لە کۆتایی ئەم مانگەدا لەمەلبەندەکانی نەهێشتنی نەخوێندەواری پارێزگای هەولێردا دەست بە خوێندن دەکرێتەوە

ئەنجوومەنی ناوچەیی هەڵمەتی نیشتمانی‌ی فراوان بۆ بەزۆر نەهێشتنی نەخوێندەواری لە پارێزگای هەولێر بڕیاری‌دا لەهەموو مەلبەندەکانی نەهێشتنی نەخوێندەواری‌و قوتابخانە میللی‌یەکانی پارێزگەدا لە کۆتایی ئەم مانگەدا دەست بەخوێندن بکرێتەوە .

ئەمە لە کۆبوونەوەیەکدا بە سەرۆکایەتی‌ی بەڕێز یحیی محمد رشید جاف پارێزگای هەولێر بڕیاری لە سەر درا کە بۆ لێکۆڵینەوەی ئامادەبوونی تایبەت بە دەستپێ‌کردنی خوێندن لە هەموو قۆناغەکانی جێبەجێ کردنی هەڵمەتەکەدا سەرەڕای کۆسپ‌و تەگەرەی کارو ڕێ‌وشوێنی تێ‌پەڕ بوون بەسەریان‌دا بەسترابوو .

بەڕێز موسی عبدالصمد ئەمینداری گشتی‌ی بەڕێوەبردنی پەروەردەو فێر کردنی بەرزی ناوچەی ئۆتۆنۆمی ئەندامی ئەنجوومەنی باڵای سەربە هەڵمەتی نیشتمانی‌ی فراوان بۆ بەزۆر نەهێشتنی نەخوێندەواری لە وڵاتدا داوای کرد هەموو رەنجی دەزگاو رەسمی حزبی‌و جەماوەری‌یەکان یەك نگرن بۆ سەرخستنی ئەم ئیشەو هاندانی بخوێنەکان بۆ سەرلە نوێ دەست کردن بەخوێندن‌و چوونەوە مەلبەندەکانی نەهێشتنی نەخوێندەواری‌و قوتابخانە میللی‌یەکان .

بەڕێز پارێزگاری هەولێریش دووپاتی کردەوە کە مەسەلەی فێر کردن لەم مەلبەندانەدا لە ئەرکە نیشتمانی‌یەکان دەژمێررێت کە بەشێوەیەکی کاریگەرانە بەشداری‌ی جەنگەکانی ئێستاو داهاتوومان دەکات بۆ ستاندنەوەی مافەکانمان .

لە کۆبوونەوەکەدا کە سەرۆکانی یەکێتی‌یەکانی بەڕێوەبردن‌و نوێنەرانی ڕێکخراوە جەماوەری‌یەکان ئامادەی‌بوون بڕیار درا پرۆگرامێکی کار کردن لە لایەن ئەنجوومەنەکانی ناوچەیی لە قەزاو ناحیەکان‌دا ئامادە بکرێت بۆ ئامادە کردنی هەموو پێداویستی‌یەکانی خوێندن‌و ڕێکخستنی کوڕی دوریا کردنەوەو هاندان‌و چاوگێڕانەوە بە پیلانەکانی فێر کردن‌و پێکهێنانی کۆبوونەوەی فراوان بۆ ئەوەی بیروڕای خۆیان سەبارەت بەم مەسەلەیە ڕوون بکەنەوە دەربارەی ئەوەی پەیوەندی‌ی بە دەزگاکانیانەوە هەیە .

بانگەوازێك بۆ هەڵوێست و خەباتی گەلانی ئێران

هەڵوێست بوونە نیشانەیەکی بەرزی مرۆڤایەتی‌یە لە ڕۆژمێری هەموو خەباتگێڕێك‌دا ... شەونخونی‌و زەحمەتکێشانی ئەو جەنگاوەرە کوردانەی کە ئەمڕۆ لە مەهابادو سنەو پاوەو هەموو بستێك لە خاکی کوردستانی داگیرکراوی ئێران شەو لە سەنگەری مان‌و نەماندا دەکەنەوەو سوێند بە گیانی ئەو شەهیدە باکانە دەخۆن کە بوونەتە ئەستێرەیەکی پرشنگدار بۆ ڕووناك کردنەوەی ئاسمانی ئەم گەلە .. ئەو گەلەی کە هەر لە سەرەتای بوونەوە هەستی بەوە کردووەو تێ‌کۆشاوە لە پێناوی پارێزگاری کردن لە بوون‌و کوردایەتی خۆی وەخاوەنی مێژوویەکی راستەقینەن ... هەر لە سەردەمی شای گۆڕ بەگۆڕ چوودا کە قارەمانانی چوار چرا ئەو هەڵوێستەیان هێنایە کایەوەچەکی پیاوەتی‌یان کردە شان‌و لە سێدارەی دوژمن نەترساون ...

دوای ئەوەی شان بە شانی گەلانی ئازادیخوازانی ئێران لە خەباتی بێ ووچانی خۆیانا بوون دژی ڕژێمێك کە مانای مرۆڤایەتی‌و مافی گەلانی نەدەزانی ... بەڵێ هەتا ئێستاکەش یادگارو بیرەوەری گەلی کوردو گەلانی تری ئازادیخوازی ئێرانی بەسەر دیواری زیندانەکانی بنەماڵەی ڕەزا شا ڕۆشن دەداتەوە ..

دوای بەرپا بوونی شۆڕشی ئیسلامی ئێرانی گەلێك بەڵێن هاتە کایەوە .. بۆ چارەسەرکردنی مەسەلەی نەتەوایەتی لە سێبەری ڕژێمێکی دیموکراتیانەی‌بەناو کەچی هەر ئەوەندەی پێ نەچوو پاشگەز بوونەوەو بە تانك‌و فرۆکەو تۆپەکانیان وەڵامی داواکاری نەتەوەکانی غەیرە فارسیان دایەوە.. گەلی کوردیشمان یەکێکە لەو گەلە ئازایانەی کە ئەمڕۆ لە کوردستانی ئیراندا خاوەن مێژوویەکی پڕ لە خەبات‌و تێکۆشانە بۆ وەدەست هێنانی خود موختاری بۆ کوردستان ...وە هەموو ڕۆژێك تەخت‌و تاراجی خومەینی ئەلقە لە گوێ‌و پاسدارو ئارتەشە ناپەسندەکانی وەکو گورگی هار بەر دەبنە گیانی لادێ‌و شارەکانی کوردستانی ئێران‌و لە جیاتی ئەوەی کەوا شادیان بکەن بە مافی ڕەوای خۆیان کەچی دەست دەکەن بە کۆکردنەوەی منداڵ‌و ئافرەت‌و پیری کەنەفەت‌و دەبانخەنە ناو چاڵەوەو نەوتیان بە سەردا دەکەن‌و ئاگریان تێ‌بەردەدەن ، ئایا ئەمە کەی لەگەڵ ڕێبازی موسلمانێتی‌دا دەگونجێ یان دەبێ ئەمە ڕێگایەك بێ لە گیرفانی نالەباری خومەینی‌یەوە دەربچێت ... بەڵام وەنەبێت جەنگاوەرە کوردەکان ئەوەندە بە بێ دەنگی بوەستن ... بۆی هەیە هەواڵ دەرەکانی جیهان ئەو ڕاستیەیان پێ شێل نەکردبێ کە هەموو ڕۆژێك ئازایەتی ئەوانە بە جیهانا بڵاو دەبێتەوەو ڕۆژنیە گەلی کوردمان هێرش نەباتە سەر ئوردوگا خوێناوی‌یەکانی پاسداران‌و ئارتەشانی خومەینی بەکڕێ گیراو کارێکی وایان پێ نەکات هەتا ماون لە بیریان نەچێتەوە ...

ڕژێمی ئەمڕۆی تاران بە جارێك سەری لە خۆی شێواندوەو بەرنامەی ژیانی گەلانی ئیرانی تێك‌و پێك داوەو ئابووری نیشتمانی پێ شێل کردووە ، ئایا ئەمە کەی ڕاستیەو کەی ڕژێمی دیموکراتیانەیە کە ئیران‌و ڕژێمەکەی پێ‌ی دەڵێن‌و لاف‌و گەزافی پێوە لێ دەدەن ، بەڵام ئێمەو هەموو گەلانی پێش کەوتنخوازی دنیا دڵنیاین کە گەلانی ئازادیخوازی ئیران قەت‌و قە تلەگەڵ ئەم ڕێبازە جادووگەرانەیە نیەو بە ڕژێمێکی دیموکراتانەی ئازانێ چونکە تا ئێستا تەنها یەکێك نیە کە بێتە سەرکردەو ڕابەر ، وجائی هەموو ڕۆژێك بە دەیان جار هێرش دەباتە سەر بەنی صدرو بانگەوازی ئەوە دەدا کە ئەم کابرایە هیچ نیەو هیچی بەدەست نیە لە حوکم ڕانی ئەمڕۆی تاران ، کەواتە ئێوە لەسەر چ حسابێك هێناوتانەو کردووتانە بە سەرەکی کۆمار ... بەنی صدر لە هەموو کۆڕو کۆبوونەوەیەك هێرش دەباتە سەرەڕای دەزگاکانی ئیزگەو تەلەفزیونی ئیرانی‌و گوایە بە فەرمانی ئەو هەڵس‌و کەوت ناکەن‌و راسپاردەکانی ئەو جێ‌بەجێ ناکەن ... ئەی کەواتە ئەبێ ئەمە چ ڕاگەیاندنێك بێت کە نەتوانێ دەوری خۆی ببینێ‌و ئەبێ ئەمە چ سەرەك کۆمارێك بێت کە نەتوانێ فەرمانبەرەکانی خۆی بگرێ ... کەواتە بەرەڵلای دەوری سەرەکی خۆی دەبینێ لە بڵاوکردنەوەی بیروباوەڕی نامرۆڤایەتی کاری بێ سەرو شوێن لە وولاتانی ئیراندا ...

جا با ئەم ڕژێمە بۆگەنەو دارو دەستەکەی باش بزانن کە گەلانی ئیران چاویان کراوەتەوە ، چونکە ئەو گەلەن کە توانیان ڕەگ‌و ریشەی ئیمپراتوریەتی بنەماڵەی ڕەزا شا دەربهێنن. چۆن ناتوانن خومەینی‌و ئەنباعی خومەینی لە شەقامەکانی ئیرانداو بەریشەکانیان لە سێدارەیان نەدەن ...

خەباتی ڕەواو عادیلانەی گەلانی ئیران ڕۆژ لە دوای ڕۆژ پەرە دەسێنێ‌و جێی خۆی دەکاتەوە لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی جیهانی‌داو دەنگی ڕاستەقینەی خۆی پەخش دەکات بە هەموو لایەك بۆ توانەوەی ئەم ڕژێمە نا پیرۆزەی کە ئەمڕۆ لە ژێر ڕکێفی ئایتی موسلمانێتی قسەی نا پەسندو کاری دوور لە هەموو لایەنێکی مرۆڤایەتی دەنوێنن ..خەباتی چەکدارانەی گەلی کوردیشمان لە کوردستانی داگیرکراوی ئیراندا گڕو گڵپەی ئەوەندە بە هێز بووە نەك تەنها ئارتەش‌و پاسداری خومەینی ناتوانن بیگوژێننەوە ، بەڵکو هەموو ئیمپریالیزمی جیهانی ناتوانن ئاگری ئەم شۆڕشە بکوژێننەوە ...

جا با بە گەلانی ئیرانی بڵێین ئایا ئێوە تاکەی لە ژێر باری ئەم درۆو دەلەسانەدا دەناڵێنن ، بە کلیل‌و قفڵی خومەینی هەڵدەخەڵەتێن .. پرسیارێکەو وەڵامی لە گیرفانی هەموو ئینسانێکی هوشیارو ئازاو ئەبەزە ئەمڕۆ لە ئیراندا ....

هەولێر ناظم دڵبەند

خومەینی گەلانی ئێران بەرەوکام هەڵدێرەبا ..؟

وەکو ئاشکرایە ، باری ئابووری‌ی ئێران گژ بووەو ڕۆژ بە ڕۆژ بەدەو ڕووخان‌دەچێ‌و چووەو جگە مەمەشی بە دەستی خۆیانژاوەژاوێکی سیاسی‌یان پێك هێناوەو هەر یەکە لای‌خۆیەوە لە فرمان دەرکردن‌و بڕیار دان دایە .. کەس بەکەس نی‌یەو کەس ئاوێ بۆ پێشنیاری کەس ڕانگرێ‌وزیاد لە نیوەیان سەرەك کۆمارو سەرۆکی دادگان‌و باری کۆمەڵایەتیش تەواو تێك چووە .. بەم جۆرەئەم ڕۆ ئێران زنجیرە نانەواوەیەك بە خۆیەوە دەبینێ‌کە پەیوەندی ڕاستەقینەی بە ڕوو خانی ڕژێمی خومەینی‌یەوە هەیە .

جا ئەم مەسەلەیە گەلانی ئێران لێ‌ی بێ ئاگانین .. پرسیارێك کە هەمیشە لەسەر زاری ملیۆنەها لە هاوولاتیانی ئێرانی دایە ئەوەیە .. چۆن خۆراکی وەکو گۆشت‌و ڕۆن‌و برنج‌و شیرو نان‌و خۆراکی زستانەی ئەم ساڵیان مسۆگەر بکەن ؟ یان چۆن سووتەمەنی‌و گازو کەل‌و پەلی زستانەو گەلێ شتی تری زەستانەیان دەست بکەوێت وەکو زانراوە خۆراکە سەرەکیەکانی ژیانی ڕۆژانەیان لە هاوولاتیان شاردراوەتەوەو گوێزانەوەیان بۆ بازاڕی ڕەش لە لایەن پاسدارانی خومەینی‌یەوە نرخی خراوەتە سەرو خۆراکە سەرەتایی‌یەکان لە بازاڕ دوو هێندەی نرخەکەی خۆی دەمڕۆشرێتەوەو سووتەمەنی‌و بەنزین کە نرخەکەی سێ هێندە زیاد کرا بوو ئێستا زیاد لە دەهێندەی خۆی ئەنرۆشرێ !!

بازاڕی ڕەشی کرین‌و فرۆشتن‌و .. شتی بە نرخ‌و گرانی وەك ئالتوون لەسەر هاوولاتیان دابەزیوە بۆ چارەکی نرخەکەی خۆی ..

ئاوەها هاوڵاتیان پێویستی‌یەکانیان دەست دەکەوێت ، یان هەر ناکەوێت جاڵە گیرفانێکی نابووتی هەژارێکدا ..ئەبێ چی ڕوو بدا ؟ ئەو کۆچەرانەی کە شارەکانیان نزیك بە مەیدانی کوشتارەو بەرەو شارەکانی ئەسفەهان‌و قوم‌و تاران هەڵاتوون ئەوا پاسدارانی خومەینی بە توندی ئەیان چەوسێننەوەو تەنانەت ئەیان گەڕێننەوە بۆ جێگاکەی خۆیان .. جگە لەوەی کە جێ‌بەجێ کردنی داواکانیان شتێکی مەحاڵە لای تاقمە هیچ‌و پووچەکەی خومەینی ..

ئەگەر هات‌و هاونیشتمانی‌یەك بیزاری خۆی بە تەنیا ووشەیەك دەربڕێ ئیتر گرنگ نی‌یە لە سەر کزی‌ی ئابووری‌و نەبوونی خۆراك‌و بژێوی ڕۆژانە بێت ! یان هەر مەسەلەیەك لە مەسەلەکانی سیاسی‌و کۆمەڵایەتی بێ .. بێ لێ‌پرسینەوە بەد سزایەکی توندی ئەدەن‌و بە یارمەتی دەری شاو سافاك‌و هەواڵدەدی بنکەی ئەمریکی‌ی لە قەڵەم ئەدەن‌و بە ڕاپۆرتی زۆر درێژەوە ئەوەی بیانەوێ ئەنجامی ئەدەن ..

جگە لەوەی کە هاونیشتمانان ناتوانن داوای پێویستی‌یەکی ڕۆژانە بکەن ، ئەگینا دێنە سەریاو ئەڵێن : « ئێوە کەی لەم کاتە خۆشترتان دیوە ؟ مەسەلەی بژێوی ڕۆژانەو سووتەمەنی‌ی خۆ گەرم کردنەوەو چێشت لێنان ، زۆر ئاسایی‌یە ، با دە (١٠) ڕۆژ نان نەخۆن ، یان ئەم زەستانە سەرما بکێشن‌و بێ جل‌و بەرگ‌و سووتەمەنی بن جا ئەم کردەوەیە وتەکانی‌خەڵخاڵی‌مان دێنێتەوە یاد کە ئەڵێ « کەم بخۆن ، زۆر بڕۆن ، بە ڕووتی بۆون » لە سەر قسەکانیان ئەمڕۆن‌و ئەڵێن : ئێوە هەموو شتێکتان لە خۆتانەو ، جمهوریەت‌و سەرەك کۆمارو وەزیران هەموو ئیسلامین بەو جۆرە وەڵامی هاوولاتیان دەدەنەوەو ماڵ‌و سامانی گەلیش هەموو دەشار نەوەو لە پاشۆڵی تاقمە نەزانەکەیان ئەهاون‌و گەلانی هەژاری ئیرانیش مەگەر لە جیاتی نان‌و ئاو جمهوریەتی ئیسلامی بخۆن‌و ئازاری ڕووت‌و قووتی‌و نەبوونی‌و برسیەتی‌و تینویەتی بکێشن .. سەرەڕای ئەمەش ئەوانەی کە لە ئەنجامی بێ کاری یان کرێ‌یەکی کەمدا خۆیان گەیاندە وولاتانی دەرەوە بۆ ئەوەی بە سەربەستی‌و ژیانێکی ئاسوودەوە بژین ، پاسدارانی خومەینی بە دەرچوو لە قاووغی ئیسلامیەت ئەیان ژمێرن‌و فرمانی کوشتنیان دەدەن تا ئێستا زیاد لە حەوت ملیۆن کەس لە ئەنجامی وەستانی کارگەو بەروو - بوومی کشت‌و کاڵی‌و دامەزراوە یەرهەم هێنەرەکانی تر بێ کارن‌و .. زیاد لە بیست هەزاریش لەوانەی کردووە وەك « ئەندازیارو خوێندنی بەرزیان تەواو پزیشك‌و مامۆستاو هونەرمەندو ... هتد » لای خومەینی باویان نی‌یەو بۆیە چونەتە دەرەوەی ئێران دوای ئەوەی هەستیان کرد ڕێگای بەردمیان گیراوەو ژیانیان لە مەترسی‌دایە ! بەڵێ ..ئێرانی خومەینی بە قوناغێکی تاریکدا ڕەت بووەو گڵۆڵەی کەوتۆتە لێژی .. گەلانی ئێرانیش نایانەوێ دەست بەرداری قسەی ئەو نەزانانە بن‌و جڵەوی خۆیان ئەخەنە دەستی خۆیان‌و نایانەوێ لەگەڵ کاروانی دواکەوتووی خومەینیدا بەرەو کەندو هەڵدێری ڕووخان بڕۆن . . بەڵکو ئەیانەوێ زیاتر بەرەنگاری ئەو تاقمە بن‌و زووتر هەنگاو بۆ ڕووخان‌و مردنی ڕاستەقینەی ئەو تاقمە خۆیان بنێن ...

Institut Kurde de Paris

هاوکاری لەگەڵ قەسری شیرین

جەنگاوەرانی سوپای میللی ئەرکی تێکۆشان و دورەی بەرز

نووسینی: اکرم محمود
وێنەی: غازی

تاقی کردنەوەی سوپای میللی ، یەکێکە لە دیاردە دیارەکانی شۆڕشەکەمان و خۆی لە ئەرکەکانی بێکوشانی ناوەوەو دەرەوەی وڵاتدا دەنوێنێ وئەم تاقی کردنەوەیەبە کاری خۆی دووپات کردەوەو جەنگاوەرەکانۆ سوپای میللی سەلماندیان کە پشتیوانی ئەساسی هیزەچەکدارەکانن . بە تایبەتی دوای بەشدار بوونی جەنگاوەرەکانی لە جەنگی قادسیەی صدامدا .

لە گەشتەکەماندا بۆ قەسری شیرین و لە دووری پێنج کیلو مەتر دیمان وەك شێر بەو ناوەدا بەلاو بوبزنەوە ، لە سەرگردو لوتکەو ڕێگاکانی بەرەو شاری قەسری شیرین ، کاتێ چاوبان پێمان کەوت ، وەك شێر کەوتنە خۆو پێشوازیان کردین و لەم گەشتەدا چاومان بە چەند جەنگاوەرێکی سوپای میللی کەرتی باکور قەسری شیرین کەوت و کەرتەکە بە ناوی کەرتی (قمقاع) ە وەبە

ـ هەموو خاکی زەوت کراوی عەرەب رزگار دەکەین ـ

● لە سەرەتادا چاومان بە هاوڕێ علی المشهدانی ئامیری کەرتەکە کەوت کەوتی:

بوونی کەرتەکەمان لە شاری قەسری شیرین شارەزای جەنگاوەری زیاد کردو سەرەرای بەرز کردنەوەی وورەی چاکی لەهەموو رووبەکەوە جەنگاوەرەکانمان بە شێوەیەکی باش ئەرکی سەرشانیان بەجێ دەهێنین و شانازی پێوە دەکەن وەك خۆ ئامادە کردن بۆ جەنگی گەورەی رزگار کردنی فەلەستین ، لە سەر ئەو ئەرکەوە کە پێمان سپێردرابوو بۆ پاراستنی دامودەزگا ئابوریەکان لە ناو خۆدا ، ئەرکی بەشدار بونیشمان لە جەنگی قادسیەی صدامدا پێ سپێردرا . ئێمە لێرەوە لە خاکی رژگار کراوەوە سلاومان ئاراستەی سەرکردەی تێکوشەر هاوری صدام حسین دەکەین و ئامادەین بۆ هەر ئەرکیکی تر سەرکردایەتی سیاسیمان پێمان پسپێرێ لە هەر شوێنێکی تربێ .

● هەروەها هاوڕێ صالح الدوری باربدەدەری ئامیری کەرت وتی :

ـ بەشداریمان لە جەنگی قادسیەی صدامدا سەلماندنی باوەری بە هیزمانە لە بیروباوەڕماندا بۆ رزگار کردنی هەموو ئەو ئەرزو ئاوەی فارسە رەگەزپەستەکان زەوتیان کردبوو ، بانگەوازی نیشتمان وای لێ کردین چەك هەلگرین و بەرگری لە شەرەف و ڕێزەمان بکەین ویست بەبستی خاکی زەوت کراومان رزگار بکەین و پشت بە خوا سەرکەوتنی گەورە لە قدس دەبی و بەم بۆنەیەوە سلاومان ئاراستەی سەرۆکی فەرمانده صدام حسین و هیزە چەکدارەکانمان لە بەرەگەکانی شەڕ دەکەین .

ـ جەنگاوەر هاوڕێ فاروق عبد لە کەرتی طوان وتی :

ـ بەشداریمان لە جەنگی قادسیە صدامدا لە هوشیاری تەواوی بیروباوەڕی شۆڕش و ئیلتزامەوەیەو ڕاپەراندنی بربارەکانی سەرکردایەتیەو لە سەرمانە ئەرکی پیرۆزی سەرشانمان جێبەجێ بکەین و ڕێزمان وەك عیراقی بپارێزین و بەم بۆنەیەوە لە خالی رزگار کراوی قەسری شیرینەوە هەزار سلاو بۆ سەرکردەی لێهاتو صدام حسین و هیزە سەرکەوتوەکانمان لە بەرەگەی جەنگ .

● دیسان چاومان بە جەنگاوەر منذر مهدی کەوت و وتی :

ڕاپەراندنی هەر فەرمانێ لە حزب و شۆڕشەوە پێمان بگات بۆ جێبەجێ کردنی ئەرکمان و گەوبیروباوەرەی حزبی سەرکردەمان حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالست فێری کردوین و بەشدار بومان لە جەنگی شەرەفمەندیا بەرگری کردنە لە دەستکەوتەکانی شۆڕشی مەزنمان و زاڵ بون بە سەر فارسی دوژمنی چاوبرسیدا کە زۆر جار دەستی وەرداوەتە کاروباری ناو خۆمان

● چاومان بە جمعه سالم ـ کەرتی حلوان ـ قعقاع کەوت وتی

ـ وەرەمان زۆر بەرزەو ئێمە ئەرکی پیرۆزی سەرشانمان بەجێ دەهێین لە نیشتمانەکەماندا بەرامبەر بە گەلە مەزنەکەمان و ئەمرۆش بەرگری لە ئەرزوئاوی رزگار بومان دەکەین لە بەرەی رۆژهەلاتی نیشتمانی عەرەبی و ئەمە سەرەتایە بۆ رزگار کردنی فەلەستین لە ژیر دەستی زایونی و کۆنەپەرستی جیهانی و بەڵێن بە حزب و شورش دەدەین کە رۆڵەی بە وفای خاکی نیشتمان بین و سلاومان بۆ بارگی سەرکردە سەرۆك صدام حسین و هەموو براکانمان لە هیزی چەکدار لە بەردگەکانی جەنگ .

● جەنگاوەر محسن حمزه وتی :

نیشتمان گەورەیەو خاك بە نرخەو ئاو پاکەو فارسە رەگەزپەرستەکان چون بن ئێمە ئامادەین بۆ قوربانی و فیداکاری لە پێناوی سەندنەوەی هەموو بستە زەویەکاندا لە خاکی زەوت کراو لە ژیرك دەستی چاو بەسیەکان و نوکەرانی پێستعماردا و سوپاس بۆ سەر کردایەتی سیاسی و لە سەرویەوە سەرکردەی باوك صدام حسین کە هەلی داینێ بۆ بەشدار بون لە جەنگی قادسیەی صدامدا .

پەرەمووچی ئەدەم هونەرمەندەو تاوانەکانی ڕژێمی تاران

● پەیامنێری هاوکاری لە هەولێر ●

ئەو جەنگە عادیلانەی کە سەرکردایەتی شۆرش لە پێناو پاراستنی ڕێزو شکۆی وولاتو بەرگری کردن لە مافەرەواکانمان رای گەیاند ، بوەبە سەر چاوەی گەلێ داهێنانی مەزن لە هەموو لایەنەکانی ژیان ، بە تایبەتی هونەروئەدەب کە رەنگدانەوەی سەردەمن و هۆیەکی گیەورەن لە هۆیەکانی بەشداری کردن لەو شەڕە پیرۆزەداو لە پێناو روخاندنی رژێمە درۆزن و هەڵخەڵەتاوەکەی تاران و هێنانە دەی خەونی هەموو ئادەمیزادێکی شەڕەفمەند لە تێك و پێك شکاندنی دەستەو دایەرەکەی خومەینی ، کە هونەرمەندی راستەقینەش بە ئاواتی ئەو

لەو کارەساتانە بێ دەنگ کات کە رژێمە عەمامە لە سەرەکەی خومەینی دەیکاتە سەر بەشەکانی وولاتە بە نرخەکەمان باشورو داو منیش خۆم بۆ ڕانەگیراو ئەم هەستەی خۆم لە ڕێی ئەو چەند وێنە کاریکاتۆریەوە دەربڕی ، بۆ ئەوەی لەو ڕێگەیەوە کۆمەڵانی خەڵك لە بەشێکی هەڵوێستە بۆگەنەکانی ئەم ڕۆژەیەو ناتوانێ بێ دەنگ بێ لەو تاوانە نامرۆڤایەتیانەو پەرەمووچی خۆی نەخاتە کار ..

ئەوەتا ، «فەیسەل عوسمان »ی هونەرمەند لە چەند وێنەیەکی کاریکاتێری رەنگاو رەنگ وێنەی ئەم راستیەمان نیشان ئەداو هونەرمەندانە ئەو خەونە گەورەیە دەکێشێ و لە پاڵ ئەوەیش پاشە ڕۆژی روخانی ئەو رژێمە چەپەڵە دەردەخات و ئەوە روون ئەکاتەوە کە چۆن کۆمەڵانی خەڵك لەم وولاتە پیرۆزەدا روو بە رووی ئەو تاوانانە دەبنەوە کە فرۆکە رو ردشەکانی تاران دەیان کاتە سەر خانی وولاتەکەمان . . هەروەکو خۆی دەڵی

× هونەرمەند ناتوانێ خۆی کە ماوەیەکە نادەمیزادی ئێران دەچەوسێننەوەو سەرایای مافەراستە قینەکانیان لە خۆشبەختی و سەربەستیدا دەخاتە ژێر پێ و گوێ ناداتە عورف و عادەتی مرۆڤانەو لە هەموو ئاکارێکی رەسەن خۆی گێل دەکات... بەڵام ئاشکرایە خەونە بۆگەنەکانی لە داگیر کردنی بستێکی خاکی ئەم وولاتە ئازایە نایەتەدی و بەر پەچی هەموو دەست دێژیە بووچەڵەکانی ئەدرێنەوەو دەرسێکی ئەوەندە چاکی دەدرێتی ، تا مێژوو مابێ لە یادی نەچێتەوە ...

Institut kurde de Paris

گەلی کوردی کوردستانی ئێران بۆ مافە نەتەوەیی یە رەواکانی خۆی خەبات دەکات

● عثمان محمد احمد ●

گەلی کورد لە کوردستانی ئێراندا هەر لە کۆنەوە لە بیناوی مافی ڕەوای خۆیان هەزاران فیداکاری و قوربانی‌یان داوە .. بگرە هەر لە زەمانی کاوەی ئاسنگەرەوەو تاوەکو زەمانی شای پێشووی گۆڕ بە گۆڕ کراوی ئێرانو رژێمی چەپەڵی ئیستای ئێرانیش ... یا هەر رژێمێك هاتبێت باج سێتنی خۆینی ڕۆڵە ئازاکانی گەلی کوردی ئێران بوونەو هەمیشە تووشی ناڵەباری و ستەمکاری و چەوساندنەوە بوونە .

گەلی کورد لە کوردستانی ئێراندا سەریان بۆ هیچ رژێمێك دانەنواندووەو خەباتو تێکۆشانیان لە پێناوی ئازادی و سەربەخۆیی‌را کردووە . شای پێشووی ئێرانو دارو دەستە بەکرێ گیراوەکەی بەکەیف و سەفای خۆیان ستەر سەرانێیان بەکوردی هەژار کردووە گەلانی ئێران بە شێوەیکی گشتی و گەلی کورد بە تایبەتی بە هاتنی خۆمەینی جادووگەر وابانزانی ئیتر بە ئاواتو ئامانجی شەرعی خۆیان گەیشتن ، هەموو توقعاتو لێکدانەوەی گەلانی ئێران ئەوە بوو کە خۆمەینی و کۆمەڵە خوێن مژەکەی نوێنەری راستەقینەی ئێرانن ... بەڵام بە پێچەوانەی هەموو لێکدانە ودیەکو تەخمیناتێکی گەلانی ئێران دەرچوون . خۆمەینی و تاقمە جادووگەرەکەی خۆیان خستووتە قالبێکی راستی و بەرگی دڵسوزایەتییان لەبەر کردووەو لە ژێرپەردەی ئایینی ئیسلامەتی‌دا خەڵکی بێ تاوان و رەش و رووتی ئێران دەربەدەر دەکەن .

جا لە پاش چەند روژێکی کەم ، سەری شێتاوی ڕاوەشاندو دەستی بەریشە چڵکنەکەی داهێناو ووتی : با لە پێشەوە خوێنی کوردەکان فڕ بکەم . ئیتر خۆمەینی و تاقمە خوێن مژەکەی دەستی چەپەڵو ناپاکیان بۆ خوێن رشتن و دەربەدەرو وێران کردنی گەلی کورد درێژ کردو قۆلێ خراپە کاریان لێ هەڵکرد .

شەقامەکانی سنەو بانەو سەقزو نەغەدەو ومهابادو پاوە بە خوێنی پاکی ڕۆڵە ئازاکانی گەلی کورد سوور کرا .

داروبەردی کوردستانی ئێران بە خوێنی شەهیدان رازایەوە ..

بە هەزاران منالیان بێ باوك هێشتەوەو ... چەرگی هەزاران دایکیان سووتاندو برژاند ..

جا ئا ئەمەیە خومەینی چادووگەر ، ناوی لە خۆو ناوە « ئیمام » بۆچی دەبێ ئیمام خەڵکی بێ تاوانو هەژار بگوژیت ؟!

بۆچی کورد موسلمان نین .. بەڵێ راستە گەلی کوردی ئێران هیچ تاوانیان نییەو تەنها ئەوە نەبی چونکە موسلمانن و داوای مافی ڕەوای خۆیان دەکەن . بۆیی‌ی دەستی وێرانکاری بەسەریاندا سەپاندووە .

بەڵام ئەوەش چاك بزانن هیچ هێزێك نی‌یە راستی لە گەلی کوردی ئێران بشارێتەوەو بەرگری لە خەباتو تێکۆشانیان بکات .

کاروانی خەباتیان بە خوێنی پاکی شەهیدان خراوەتە ڕێگا، بێ گومان دەبێ ئەم کاروانە بە قوناغی راستەقینەی خۆی بگات :

جا نە رژێمی ئێرانو نە عمامە بە سەری تاران و قوم نانوانن ڕەوڕەوەی خەباتی راستەقینەی گەلی کورد ڕاگیر بکەنو هەر دەبێ بە مافی ڕەوای خۆیان بگەن .

جا هەر دەبێ تۆڵەی خوێنی شەهیدانو ئەو دایکە جگەر سووتاوانەیان لێ ودربگرنەوە .

گەلانی ئێران بە هێزنو خاوەن ئیرادەیەکی بەتیبنن ، چۆن توانیان رژێمی پێشووی ئێران سەرەونگوم بکەن ، ئاواش دەتوانن رژێمی چەپەڵو بۆگەنی جادووگەرانی ئێران تەفرو توون بکەنو لە ناویان بڕن .

گەڕانەوەی خەڵخاڵی

ئارام عزیز

دوای خۆ نقوم کردنێکی نزیکەی یەك مانگی .. سادق خەڵخاڵی‌ی گەرۆڵەو خوێن‌مژ بۆ بە ئەنجام گەیاندنی کارێکی نوێ گەڕایەوە شەقامەکانی تاران ..

لە ماوەی ئەو مانگەدا نەبیسترا کە ئەم خوێن مژە بە فرمانی خۆی بڕیاری لە سێدارەدانی سەدان بێتاوانی ڕۆڵەکانی ئێرانی ئەنجام داوە چونکە دوای ڕووخانی ڕژێمی شا تاکو پێش هەڵگیرسانی جەنگی ئێران لە گەڵ عێراقدا سەدان تاوانی بەرەو ڕووی ئەو بێ بەختانە دەرکردەوە کە گوایە .

« دژ بە شۆڕشی خومەینی بوونەو هاوکاری‌یان لەگەڵ ڕژێمی شای پێشوودا هەبووە » .

بەڵام ئێستا ڕووی یەکەمی قەوانەکە تەواو بووەو وەکو باس کراوە بەشدارانی ڕژێمی شا بوونەتە هاوولاتی بەکی دڵسۆزی خومەینی و شۆڕشە مەجووسی‌یەکەی و پێش چەند ڕۆژێك سەرۆکی ڕژێمی فارسی « ابو الحسن بنی صدر » لە بەندیخانە بەری داونو بەرەو مەیدانی کوشتار ناردوونی .. گوایە لە پێناوی شۆڕشی ئیسلامی ئەجەنگێن .

ئەگەر .. ئەوان لەوێ نەگەڕێنەوە ئیتر کێ دژ بە شۆڕشی خومەینی‌یە ؟

ئەو تاوانە نوێیەی کە خەڵخاڵی ڕووبەڕووی هەژارانی دەکاتەوە بۆ مل‌بڕینیانو . . بەردەوام بورنی لەسەر ئەو کارە ئاسانەی « لە سێدارەدان » کە ئارەزوویەتی‌و خۆشی لێ‌ئەبینێ ئەبێ چی بێ؟ بەڵام ئێستا خەڵخاڵی ڕووی یەکەمی قەوانەکەی وەرگێڕاوەتە سەر ڕووی دووەم کە ئەڵێ « بەناوی خومەینی‌یەو بڕیاری لە سێدارەدانتان دەر ئەکەین چونکە ئێوە هاوکاریتان لەگەڵ عێراقدایەوە ... خیانەتتان لە شۆڕشی ئیمام خومەینی کوردووە ، بۆیە بەسەرپەرشتی ئێمە بڕیاری خنکاندنتان دەرکرا !! مۆر : خەڵخاڵی..»

بەم جۆرە .. دوای گەڕانەوەی خەڵخاڵی بۆ ژێر تیشکی دەوڵەتی بە ڕواڵەت ئیسلامی بە دوو ڕۆژ بڕیاری لە سێدادەدانی (٢١) بیستو یەك هاوولاتی‌ی نری ئێرانی کۆتایی هات. تاوانیشیان .. هەر ئەوە بوو بژین ، ژیانێکی ئاسوودەو سەربەست .. بە مەرجێ لەژێر دەسەڵاتی خومەینی‌و ژێر لێفەی خومەینی دانەبێت کە واتە خەڵخاڵی گەڕایەوە ، چونکە ڕازی نەبوو بەوەی کە لە بڕیاری لە سێدارەدانی هاوولاتیانی ئێرانی کەمتەرخەمی بکات !!

کەتەرمی جەنگاوەریان هێنایەوە

شیعری : ئەلفرید تینسۆن
● نەبەز ●
کردوویەتی بە کوردی

کۆڕە جەنگاوەرەکەیان بە مردوویی
بۆ ماڵ هێنایەوە
دایکی ئە باوکی‌ەرۆی کردو نەگریان
هەموو ئافرەتەکان سەرنجیان داو گوتیان ،
« دەگریەت ئەگینا دەمرێت . »
پاشان ستایشی کوڕەیان کرد
گوتیان لەسەرخۆو بێ‌فیزو
شایانی خۆشویستن بوو
چونکە هاوڕێیەکی دڵسۆزو
دوژمنێکی دڵێر بوو .
بەکێکیان لە شوێنی خۆی هەستاو
بە گورج‌و گۆڵی
بەرەو لای جەنگاوەرەکە هەنگاوی هاویشت‌و
سەرپۆشی دەم‌و چاوی لادا
بەڵام هیچ نەجووڵایەوەو نەش‌گریا .
داپیرەیەکی نەوەد ساڵیش هەستا
کە کوڕەکەی لە سەر ئەزنۆی دانابوو ،
فرمێسکەکانی وەکوو زریانێکی هاونیە
وورووژمیان هێناو گوتی :
« ڕۆڵەی نازدارم ، لە پێناوی تۆدا دەژێم . »

ل من سۆز بیت



اکرم عبدالرحمن
دهوك

جەمبەلێ منا لوری
ئەزێ لاندکا کوڕە لاوێ خۆ هەژینم
ئەزێ ژ تەڕا چیڕوکا ،
کەلەش بابی ، هێدی ... هێدی
ڤەگێڕم ، ڕۆندکسابارینم
ئەزێ ژ تەڕا دەستەکێ
دەست بلینکا ، دو گوبفیکا
ژ خوینا سورا جەرگێ بابێ ب نەخشینم
ڕاست وچەپ لسەر کەمەرا ،
سینگێ تەڕو نازك ب شدینم
لمن سۆز بیت
بەرحێ منا
چەندی ڕافێ لمن بکەن
مالخوێ مالێ ژمن دویر بکەن
مێژووا بیرهاتنێت من
بسوژن‌و بن گوڕ بکەن
گۆشتێ من ژخۆڕا بخون ،
بکەن قەلی ، هویر هویر بکەن
سینگێ دایکا ....
ئارمانجا سێ تیرو ڕما
داوپ ... دلوپ ،خوینا من فڕبکەن
« مەهابادا » دل بریندار ،
نەڤێت « قازی »
ب ڤانتۆم‌و تۆپ‌و تانکا
پیرەکال‌و ئو زارۆکا
سەری لێ کەن
دێ بن قوربان
یا من سۆزە
تە نە هێلم ....
تە ئە هێلم .



لەم ڕۆژانەدا ، هەواڵێکم بیست ، کەمجار ، ڕوودەدا ، هەواڵی‌وا ، یان بڕیاری دڕندانەی بەو جۆرە ، لە ڕژیمی شا خومەینی‌یەوە دەرنەچێ ، ئیستا ئەء ، کە سوپای ئازای عیراق بە تەواوی شێت‌و هاری کردوە ، بەلکو ، بەر لەوەو لەو ڕۆژەوە ئەو تاقمە عەقڵ بەردینە دڕندایی‌تی خۆیان بەسەر گەلانی ئێران‌و چارە نووسیاندا سەپاندوە ، ئەو ڕژێمە بۆگەنە ڕەگەزپەرستە بریاری داوە **« ناردنی شیری منداڵ بۆ ناوچەی کوردستانی ئێران قەدەغە بکرێ !»** .. .

ئەم بریارەی شا خومەینی پێویست بەوە دەکا لێك بدرێتەوە ، ئینجا « درۆزنەکان کە بەدروشمی زۆر پێشکەوتخوازانەو شۆڕشگێڕانە » خۆیان داپۆشێوە ، ئەڵێم پێویست بە لێك دانەوەو شی‌کردنەوە دەکا تا ئەوانە رازی دەبن بەوە «شا خومەینی‌و عەمامە بەسەرەکانی » دڕندەن ... نەء ... بەڵکو هەزار بەردیان داوە بەپشتی هیتلرو مۆسولۆنی‌دا . . .

دڕندەن تابینە قاقایان لە دڕندایەتیدا نوقم بوە ، ئەی خومەینی نەبوو هەر لەگەڵ گەلی کورد لەکوردستانی ئێران بریاری بەردەوامی خەباتی‌دا تا مافە ڕەواکانی خۆی دەستدەکەوێ ، ئەو نەبوو فتوای دا بە «حەرەسە نا شۆڕشگێڕەکانی » کە کورد کافرن‌و کوشتنیان حەلاڵە ؟!

● کە ئەم بریارو فەرمایشتانەی خومەینی دەبیستم‌و سەیری هەڵویستی هەندێ ساختەچی دەکەم ئەوانەی خۆیان بە « پێشکەوتخواز » « شۆڕشگێڕ » « دیموکراتی » « پشتیوانی خەباتی گەلان » دەبینم هەر ئەوەم بۆ دەکرێ ، تف لە درۆزنی‌و ساختە چیەتی ئەوانە بکەم کە نۆکەرایەتی‌و بێ‌ڕەوشتیان گەیشتۆتە رادەیەك لەپاڵ بیستن‌و بینینی ئەم بریارە دڕندانەی خومەینی هیشا پشتی دەگرن‌و وەك بوریە ژەن هەر پروپاگەندەی بۆ دەکەن .

● حقیقەت بەساختە بازی لەناو ناچێ ، ئەوان « پێشکەوتخوازو شۆڕشگێڕنین‌و » هەرگیز وا نەبوون ، هەروەك « خومەینی » هەرگیز رزگاریخوازنەبوە و ئە کابرایەکی و لە کابرایەکی ساختەچی‌و دڕندە بەولاوە تر نەبووە .

● بەدڵ لەگەڵتایین گەلانی ئێرانی تێکۆشەر ، ڕێگاتان بەرەو روخاندنی شا خومەینی هەر ئەوەندەی ئەو ڕێگایە سەختە حمە رەزا شاتان پێ روخاند. کە ڕێگای‌وا لەبەردەم خۆڕا گرتن‌و حەق خوازی ئێوەدا . . . ئاسانە .

شەهاب

Institut kurde de Paris

ڕۆژنامەیەکە حەفتەی دووجار دەردەچێ
٤ لاپەڕەیە
٢٥ فلسە

هاوکاری
التضامن

شەقامی الخلفاء
مەیدانی الخلافی
ت ٥/٨٨٧٥٧٩٥ خەت
ساڵی ١٩٧٠ دامەزراوە

● دووشەممە ١٥ی کانونی یەکەم ١٩٨٠ ژمارە ٥٦٤ ●
● الاثنين ١٥ كانون الاول ١٩٨٠ العدد ٥٦٤ ●

دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی
بەرێوەبەری گشتی و سەرنووسەر
اسماعیل رسول

بریاری میزووییمان‌دا بۆ گێڕانەوەی دەستەڵاتی تەواومان لەسەر خاکوئاوەکەمان و بە توانای لێهاتنەوە دژی هەرکەسێ دەودەستێن بەربەستی لەم بریارە میزووییە ڕەوایەبکات .

سەرۆکی فەرمانده
صدام حسین

سەربازەکانی صدام حسین ئازایانە دەستاڵە دوژمن دەوەشێنن

لە بروسکەیەکدا بۆ موتهیب ڕوکن صدام حسین

ئەنجومەنی پیرانی ئەردەن سوپاس گوزاری خۆی دەربارەی دیاری یەکەی سوپای عیراق دەردەبڕێت

ئەنجومەنی پیران لەوولاتی ئەردەنی برا سوپاسگوزاری و بێخۆشحاڵی خۆیی دەربارەی دیاریەکەی سوپای نەبەزی عیراق بۆ سوپای عەرەبی ئەردەنی دەربڕیوە .

بەڕێز بهجه التلهونی سەرۆکی ئەنجومەن لە بروسکەیەکدا کە بەڕێز سەرۆک موهیب ڕوکن صدام حسین سەرکردەی گشتی‌ی هێزە چەکدارەکان پێی گەیشتووە ، دووپاتی کردووەتەوە ئەم دیاریەی کە بریتیە لە ژمارەیەك تانک ئەو پاڵەوانێتیەی سوپای عیراق وەدەستی هێناو ئەو دەستکەوتە زۆرانەی جەنگ دەردەبڕێت لە جەنگی مافو گێڕانەوەی خاکی عیراق .

هەروەها ئەوبەری واتای برایەتی دەردەبڕێت کە هەردوو گەلی براو هەردوو سوپای نەبەزی ئەردەن و عیراق پێکەوە دەبەستێت .

هەروەها ووتی ئەم دیاریە خۆڕاگرتنی سوپای ئەردەنی برا پتەوتر دەکات کە لە سەر درێژترین هێڵ بەرەو ڕووی زایۆنی‌ی دوژمن ڕاوەستاوە .

بەڕێز بهجه التلهونی لە داوای کردووە ئامانجەکانی عیراق بە سەرکردایەتی‌ی بەڕێز سەرۆك صدام حسین و گێڕانەوەی خاکی داگیرکراوی خۆی و هەموو خاکە داگیرکراوەکانی تر وەدی بهێنێت .

ئەنجومەنی وەزیرانی ڕاگەیاندنی عەرەب کۆتایی بە کار و باری دەهێنێ

ئەنجومەنی وەزیرانی ڕاگەیاندنی عەرەب بریاری دا لەسەر ئەوەی هەموودام و دەزگاکانی ڕاگەیاندنی عەرەب و بنووسگەکانی جامعەی وڵاتە عەرەبەکان بەربەستی ئەو هیرشە نارەوایە بکەن کە زایونیەکان دژی وڵاتی عیراق دەستیان پێ کردووەبەهۆی تەقەللای عیراقەوە بۆ بەکار هێنانی وزەی ئەتۆم لەکاروباری ئاشتی خوازانەدا .

هەروەها ئەنجومەن بریاری‌دا دەورەی داهاتوی لە حوزیرانی ساڵی داهاتودا لە بارەگای جامعەی عەرەبی لە تونس ببەستێ .

بەڕێز طه یاسین علی جێگری وەزارەتی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندن و سەرۆکی وەفدی عیراق ئەوەی دووپات کردەوە کە پێویستە وڵاتانی عەرەب ئەرکی مادی و مانەوی خۆیان ڕاپەڕێنن تا بگەنە ڕادەی ئاواتی نەتەوەیی لە خزمەتی تێکوشاندا بۆ ڕزگاری فەلەستین و ڕوکردنەوەی ڕووی ڕاستی شارستانیەتی عەرەب بۆ هەموو جیهان . لە تونس بریاری دامەزراندنی ئاژانسی دەنگوباسی عەرەبی و جیهانی‌دا .

تاس هێرش دەباتە سەر چەند لێپرسراوێکی ئێران

ئاژانسی دەنگ‌وباسی تاس سۆڤیەتی ناڕەزایی خۆی سەبارەت ئەو قسانە دەربڕیوە کە چەند لێپرسراوێکی ئێرانی دژبە یەکێتی‌ی سۆڤیەت کردوویانەو وا باسی کردوون کە پیسترین و بۆگەنترین قسەن و لە ڕاستیەوە دوورن .

ئاژانسەکە لە ووتارێك‌دا کە هەینی بڵاوی کردووتەوە ووتوویەتی هەندێك لێپرسراوی ئێرانی نەك هەر ووریا نین لە قسە کردن دژ بە یەکێتی‌ی سۆڤیەت بەڵکوو بە میکرۆبی دژمنایەتی کردنی سۆڤیەت تووش هاتوون .

وەزیری ڕاگەیاندنی سعودیە

هەوڵ و کۆششی سەرۆك صدام حسین لە کۆنگرەی باڵای عەرەبدا لە ئاستی لێپرسراوێتی‌ی نەتەوەیی‌دا بوو

د . محمد عبده یمانی وەزیری ڕاگەیاندنی سعودیە ستایشی هەوڵ و کۆششی سەرۆکی فەرمانده بەڕێز صدام حسین کرد لە کۆنگرەی باڵای عەرەبدا و دووپاتی کردەوە کە هەوڵ و کۆششی لە ئاستی لێپرسراوێتی‌ی نەتەوەیی بوو .

یمانی لە گفتوگۆیەکدا لە گەڵ ڕۆژنامەی « الرای العام » کوێتی کە پێری بڵاوی کردۆتەوە ووتوویەتی ئەو هەوڵ و کۆششە ئیجابیەی کە سەرۆکی بەڕێز صدام حسین لەو ئاستە لێپرسراوێتی‌یە نەتەوەیی‌یەو لەو بارودۆخەدا کە نەتەوەی عەرەب تیایدا دەژی بە کردەوەیەکی گەورەو گرینگ لە قەڵەم دەدرێت . هەروەها وەزیری سعودیە هیوایی خۆی دەربڕی بۆ ئەوەی کۆنگرەی عمان لە لێپرسراوێتی‌ی خۆی ئەکەوێت .

دوکتۆر یمانی ڕوونی کردەوە کە هەڵوێستی سەرکردەکانی کۆنگرەی عمان هەڵوێستێکی ئیجابی و مێزوویی بوو ئەو مەترسیانەی کە گەمارۆی نەتەوەی داون لەبەرچاوی گرتبوو . هەروەها هەڵوێستی دەوڵەتە ئامادە بووەکانی کۆنگرەکەشی ئاشکرا بوو .

هەروەها یمانی ووتی ئەوەی لە چوار چێوەی کۆنگرەی عماندا بریاری لەسەر دراوە دەشێت ببێت بە کارنامەی کۆنگرەی داهاتووی ئیسلامی کە لە بیست و پێنجی مانگی داهاتوو لە مکە المکرمە دەبەسترێت .

دەربارەی پچڕاندنی بەیوەندی لە گەڵ لیبیا ووتی ئەم کردەوە شتێکی ناچاری بوو دەبوایە ڕووبدات بە تایبەتی دوای ئەوەی قەزافی دەستی لە مەسەلەی ئاینی ئیسلام و عەقیدەی ئیسلامی‌یەوە وەشاند .. لە کاتێکدا کە جیهان بایەختێکی گەورە بە حەقیقەتی ئیسلام و جەوهەرەکەی دەدات .

هێزە سەرکەوتووەکانمان لە دەرس دادانی فارسی ڕەگەزپەرستی دوژمن بەردەوامن و زیانێکی گەورەی مانی و گیانی‌ی پێ دەگەیەنن و لە هەموو کەرتەکانی بەرەی جەنگ دەستی دلێرانەی لێ‌دەوەشێنن تا ناچار دەبێت و دادان بەمافە ڕەواکانماندا دەنێت .

ئەوەبوو سەرکردایەتی‌ی گشتی‌ی هێزە چەکدارەکان ڕۆژی شەممەی ڕابوردوو بەیاننامەی ژمارە (١٧٨)ی دەرکرد کە تیایدا هاتووە هێزەکانمان بەو پەڕی باوەڕی بەخۆبوونەوە لە کەرتەکانی بەرەی جەنگ ڕاوەستاون و ئەنجامی چالاکی‌یەکانیان ئیوارەی هەینی و ڕۆژی شەممە بە جۆرە بووە .

زیانەکانی دوژمن : چوار کۆژراو لە ناوچەی خەفاجییەو ٢١ کۆژراو لە ناوچەی عەبادان بەمەوە ژمارەی کۆژراوانی دوژمن گەیشتە ٢٥ کەس ، تێکشکاندنی یەك تانك و یەك تۆپخانەو یەك شەڤل .

زیانی ئێمەیش لە هەموو بەرەی جەنگ ١١ شەهیدو لە کارکەوتنی دوو ئۆتۆمبیل بووە .

بەرێز طارق عزیز لە کۆبوونەوەیەکی ئەنجومەنی نیشتمانیدا :

هەڵوێستمان بە هێزو ئاشکرایە

بەرێز طارق عزیز ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش جێگری سەرەك وەزیران ئەوەی‌دووپات کردەوە کە هەڵوێستی سیاسی عیراق بەهێزو ئاشکرایە و نەك تەنیا لەبەرچاوی خۆمان بەڵکو لەبەر چاوی زوربەی زۆری کۆڕو دەزگا دەوڵەتیەکان کە پەیوەندیمان پێوە کردوون و لە بەرپابوونی ناکۆکیەوە تا ئیستا مامەڵەمان لەگەڵدا کردوون .

لە وتارێکدا لەبەردەم ئەنجومەنی نیشتمانیدا لە کۆبوونەوەی پێری بەیانیدا دەربارەی کێشەمان لەگەڵ فارسی دوژمن و دەربارەی سەرکەوتنی کونگرەی عمان وتی : لەگەڵ ئەوەشدا کە عیراق بەبێ هیچ پەردەیەکی درەلی دەوڵەتە گەورەکانی دەجەنگێ هیزی هەڵوێستی عیراق هەڵقوڵاوی بیروباوەڕو خواستە ڕەواکانیەتی کە لەماوەی سلوکی ساغیەوەو مامەڵەی لەگەڵ ئێراندا دووپاتی کردەوە سەرەڕای دەستەڵات و بیروباوەڕو سیاسەتی سەرکەوتوی لە ناکۆکی‌یەکەدا و هەڵس و کەوتی لەگەڵ ئوبژی کاران و بەرچاو خستنی مەسەلەکە لەئەنجومەنی ئاسایش و دەزگا دەوڵەتیەکان کەوای کرد هەڵوێستی سیاسی عیراق جێگای ڕێزی کۆڕە دەوڵەتیەکان بێ .

هەروەها بەرێز طارق عزیز هەڵوێستی سیاسی لەزۆران بازی نێوان عێراق و فارسی دوژمندا ڕون کردەوە هەروەك سەرۆك موهیب ڕکن ئەرماندەی گشتی هێزە چەکدارەکان لەوتارە میزوویەکەیدا لە ٢٨ ئەیلولدا ڕوونی کردەوەو وتی : ئەم هەڵوێستە پشتی بە چەند خاڵێکی جەوهەری بەستوە کەبریتین مافی عیراق لە ئەرزو ئاوی خۆیداو پێویستی ڕێزی‌بیروباوەڕودراوسێ‌یەتی‌و دەست نەخستنە کاروباری ناوخۆی یەکترو وازهێنان لەچاو چنۆکی لە پەیوەندیەکانی نێوان عیراق و ئێران و نەتەوەی عەرەب و ئێراندا .

هەروەها تەقەللای عیراقی بۆ چارەسەری کێشەکە لەگەڵ ئێراندا بەشێوەیەکی بەئاشتی و تەقەللای دەوڵەتانی لەم ڕووەوە بەرچاو خست .

هەروەها بەرێز طارق عزیز باسی ئەهمیەتی کونگرەی بەرزی عەرەبی کردو لەوەو بۆی چو کە چۆن کونگرەی بەرزی بەغدا بوبە بنکەو هاندەری کاری عەرەبی هاوبەش .

لە یاداشتێکدا بۆ دکتۆر ڤالدهایم

میرنشینەکانی عەرەب سوورە لەسەر سەندنەوەی هەرسێ دوورگەی عەرەبی

نیویورك : ١٢ کانونی یەکەم : ئا.د.ع

دەوڵەتی میرنشینەکانی عەرەب عەرەبایەتی‌ی هەرسێ دوورگەی ابو موسی و طنب گبری وطنب صغری‌ی دووپات کردۆتەوە کە ساڵی ١٩٧١ ئێران بەزۆر داگیری کردن .

لە یاداشتێکدا کە ئاراستەی ئەمینداری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان دوکتور کورت ڤالداهایم کراوە وتراوە : دەوڵەتی میرنشینەکان سوورە لە سەر سەندنەوەی مافی تەواوی خۆی لەو سێ دورگەیەدا هەروەك لە پێشنیارەکەی ١٨-٨-١٩٨٠ دا بۆ ئەنجومەنی ئاسایش ئەمەی دووپات کردبوەوە .

نوێنەری میرنشینەکان کە یاداشتەکەی‌دا وە ئاشکرای کردوە وڵاتەکەی ئامادەیە بۆ ونووێژکردن بە مەبەستی گەیشتن بە بریاری گێڕانەوەی دەستەڵاتی دەوڵەتی میرنشینەکانی عەرەب لە سەر ئەو سێ دورگەیە بەپێی یەکەم لە گەڵ پەیمانی نەتەوە یەکگرتووەکان دەگونجێ .

هەروەها بە توندی ئەو قسانەی ڕەدکردۆتەوە کە ڕۆژنامەیەکی بێگانە بە زمانی سەرۆکی ڕژیمی فارسی ابو حسن بەنی صدرەوە بڵاوی کردەوە کە گوایە شای پێشووی ئێران پارەی داوە بە هەندی شێخی ناوچەکە بەرامبەر بێ دەنگ بون لە داگیرکردنی ئەو سێ دورگەیە لەلایەن ئێرانەوەو وتویە ئەم قسەیە لە ڕاستی دوورەو مەبەستی کەم کردنەوەیە لە نرخی میرنشینەکانی عەرەب و داواش کردوە پاداشتەکەی بە نووسراوی ڕەسمی ڕێکخراوی گشتی نەتەوە یەکترتووەکان‌دا بنرێ . هەروەها ڕۆژنامەی -الخلیج- لە ابو ظبی داوای کردوە کە حوکم ڕانەکانی ئێران وتوویژ بکەن بۆ گێڕانەوەی ئەو سێ دورگەیە بۆ خاوەنە ئەسڵەکانی .

ملتۆن ئۆبۆتی سەر لە نوێ دەبێتە سەرۆکی ئۆگەندە

ئەو ڕاپۆرتە ڕەسمی‌یە سەرەتایی‌یانەی سەبارەت بە ئەنجامی هەڵبژاردنە گشتی‌یەکانی ئۆگەندە دەر کەوتوون دەڵێن کە حزبی گۆنگرەی گەلی ئۆگەندە - بە سەرۆکایەتی‌ی ملتۆن ئۆبۆتی - تاکوو ئێوارەی هەینی -٤٤- کورسی‌ی بردووەتەوە بەرانبەر بە -١٨- کورسی کە حزبی دیموکراتی بە دەستی هێناون .

ئەوەبوو سەرۆکی لیژنەی سوپایی فەرماندەواکەری ئۆگەندە

- باولۆ موانگا - ئەوپەڕی نەهێنیتی‌ی بە ستەر ئەنجامی هەڵبژاردنەکەدا سەپاندبوو .. حزبی دیموکراتیش کە -ئۆل سیمۆجیری- سەرۆکایەتی‌ی دەکات ووتبووی لە شێوەیەکی ڕۆژ باش لە هەڵبژاردن‌دا سەر دەکەوێت .

سیخوڕی فریو

ئاژانسی دەنگ‌وباسی تاس لەو باوەڕەدایە کە ناردنی چوار فڕۆکەی ڕاداری‌ی ئەمریکا لە چەشنی (ئەواکس) بۆ ئەڵمانیای ڕۆژئاوا کارێکی وایە مۆرکی تەنگ پێ‌هەڵچنین و شەر پێ‌فڕۆشتنی پێوەیە .

هەروەها تاس ووتوویەتی ئەم سیخورە فڕیوانە بە سەر سنووری ئەڵمانیای دیموکراتو چیکۆسلۆڤاکیادا دەفڕن و سەبارەت بە باری ئەو دەوڵەتانەی سنووریان بە سنووری ئەڵمانیای فیدراڵەوەیە زانیاری کۆ دەکەنەوە .

وەزیری بەرگری داهاتووی ئەمریکا

کاسپەر واینبرگەر کە سەرۆکی هەڵبژێراوی ئەمریکا ڕۆنالد ڕیگان بە وەزیری بەرگری بۆ حکوومەتی داهاتووی‌خۆی هەڵی‌بژاردووە لە گەڵ ئەوەدایە کە ووڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا هەر کارێکی بەهێزانەی سوپایی ئەنجام بدات لە هەر شوێنێك‌دا بۆ دابین کردنی بەرژەوەندی‌یەکانی خۆی بە پێویستی بزانێت .

زایونیەکانی بایی ٩ ملوین دۆلار شتیان ناردۆتە میسر

ئەسحق شامێری وەزیری‌دەرەوەی دوژمن ڕای‌گەیاند کە قیمەتی شت ناردنی زایونیەکان بۆ ڕژیمی میسر گەیشتۆتە نۆ ملیۆن دۆلارو ئەمەش هەتا کۆتایی مانگی ئەمڕینی یەکەمی ڕابوردوو .

شامێر ڕای‌گەیاند پەیوەندی‌بازرگانی نێوان زایونیەکان‌و ڕژیمی سادات زیاتر پێش‌دەکەوێ بە تایبەتی کە لەم ڕۆوە ڕۆژی دوو شەممە سنووری ئەرزی نێوان فەلەستینی زەوت کراوو میسر لە ناوچەی العریشەوە دەکرێتەوە .

Institut kurde de Paris

بەگوێرەی ئامۆژگاری‌یەکانی سەرۆکی فەرمانده

دروست کردنەوەو چاک کردنەوەی مزگەوتی گەورەی محەمەدەوئەو مزگەوتانەی لەو ناوچانەدان کە تێیدا سەرکەوتووکانمانی تێدایە

بەگوێرەی ئامۆژگاری‌یەکانی بەڕێز سەرۆکی فەرمانده پالەوانی ڕزگاری نەتەوەیی صدام حسین ، وەزارەتی ئەوقافو کاروباری ئایینی مزگەوتی گەورەی محەمەدەو ئەو مزگەوتانە سەر لە نوێ دروست دەکاتەوەو چاکیان دەکاتەوە کە لەو ناوچەیانەدان کە پارچەکانی سوپای نەیەزمانیان تێدایە .

ئا . د . ع

ئەنجامی جەنگی بەرەی ڕۆژهەلاتی نیشتمانی عەرەب تەنیا لە ئەستۆی ڕژێمی فارسی دایە

لیژنەی نیشتمانی مافەکانی‌مرۆڤ لە عیراق‌ئەوەی دووپات کردۆتەوە کە ئەنجامی جەنگەکەی بەرەی ڕۆژهەلاتی نیشتمانی عەرەب تەنیا لە ئەستۆی ڕژیمی فارسی‌دایە چونکە ئەو دەستی پێ‌کردوبە نیسبەت عیراقەوە هەڵویست داکوکی کردنە بۆ سەندنەوەی‌مافی خۆی کە بە ئوسلوبێکی نارەوا زەوت کرابوو .

لیژنەکە لە بەیاننامەیەکدا کە بە بۆنەی بیرەوەری ٣٢ ساڵەی ڕاگەیاندنی جیهانی مافەکانی مرۆڤەوە دەری کردوە کە ڕێکەوتی دەی ئەم مانگەی کرد دەستی بۆ ئەو هەوڵە بە کەلکە کێشاوە کە بزوتنەوەی بێ‌لایەن دەیدا بۆ پتەو کردنی پەیوەندیەکانی دەوڵەتان لە سەر ئەساسیکی سەختو ڕێز گرتنی بەرامبەرو سودی هاوبەشی ڕاستەقینەو بەربەستی کردنی دەست بەسەریو هەڵوەشاندنەوەی نەخشەکانی ڕەگەزپەرستانەی زایونی کە کوسپ دەخەنە بەردەم پێشکەوتنی کۆمەڵانی جیهانو بەربەستی سەربەستیو مافەکانی مرۆڤ دەکەن .

هەروەها باسی ئەوەی کردوە کە عیراق بەردەوام تەقەللای داوە بۆ چەسپاندنی سیستەمێکی ئابووری عادیلانە لە نێوان وڵاتانی دەوڵەندو هەژارەکاندا .

هەروەها بەیاننامەکە شانازی پیشانداوە بەرامبەر پێشنیارە پێشکەوتوەکەی سەرۆکی فەرمانده صدام حسین کە تایبەتە بۆ دامەزراندنی ستوقێکی دوەلی بۆ یارمەتی دانی وڵاتانی تازە گەشە سەندو بەرامبەر ئەوە گیروگرفتەی وڵاتانی پیشاسازی دەیخەنە بەردەم وڵاتانی تازە گەشە کردوەوە .

سزادانی چەند دووکانداریک نرخی شتو مەکیان گران کردووە

دادگای ڕێکخستنی بازرگانی لە پارێزگای هەولێر سزای ئۆ کەسی داوە کە لە ناوەڕۆکی یاسای بازرگانی لایان داوەو شتومەکی خواردەمەنی‌یان بە نرخێکی گران تر لە نرخی دیاری کراوی خۆی فرۆشتووە .

ئەم سزادانە عونی احمد توفیق واسماعیل خالد احمد کانبی علی احمد وبکر خلیفە رسول ومصطفی احمد سلمانو طارق معروف ومحمد علی ولیو عبدالله احمدو محمد عبدالله رسول دەگرێتەوە کە بە ٥٢٠ و١٠٤ دینار سزا دراون .

خۆبەختکەرانی عەرەب لە کەرتی باکوور لە قەسری شیرینداا

دوژمنی فارسی بەر لەدوو حەفتە ویستی ئەلێنێک لە شوورای قایمی بەرگری‌ئێمە بدۆزێتەوە لە مەیدانەکانی سەرپیلی زەهابوسومارو گەیلانو مهران ، بەڵام بە بێ‌هیوایی‌و مایە پووچی‌گەڕایەوە پاش ئەوەش کە زەرەرو زیانێکی گەورەی لەخەتکو لە دەبابە لێ‌کەوت .

هێزە بەزیوەکانی دوژمن شکانێکی وا شکان تەنانەت ئەیان پەرژا کوژراوەکانیان بەرنەوە ، ئەوە بوو هێزەکانی ئێمە بە پێی شەرعی ئیسلام بە خاکی سپاردن .

ئەمە ووتەی سەرکردەی هێزەکانی کەرتی باکوور بوو کە بە نوێنەرانی (ئا.د.ع)ی گوت . هەروەها گوتی نیازی دوژمن لەم پەلامارە ئائومێدانە دەسنکەوتنی چمکێ سەرکەوتن بوو بەڵکو بە هۆیەوە نەترەو ورەی ڕووخاوی هێزەکانیان بەرز بکەنەوە . بەڵام نەیانزانێ کە سەر لە دیوارێکی سەختی تواستی شەڕ کردنو بڕیاری ئەلەرزیوی هێزەکانی ئێمە دەدەن بۆ تێک هارینی هەموو جۆرە هەوڵێکی بێ‌مایەی لەم چەشنە .

پاشان باسی ئەترەی بەرزو گیابی پتەوی جەنگاوەرانی هێزە دلێرەکانی خۆمانی کرد بە درێژایی بەرەکانی شەڕی کەرتەکەو گوتی بەردەوام توانستی شەڕکردنیان بەرزتر دەبێتەوە چونکە سەروەڕ بە لێهاتوویی‌و توانا‌وە چالاکی‌یەکانی ڕۆژانە هەڵدەسووڕێنن ، سەرباری باوەڕی قایمیان بە ڕاستی‌ی ئەو مەسەلەیەی کە لە پێناویدا شەڕ دەکەن ، ئەوەی ئێجگار دڵیان فێنک دەکاتەوەو سەر گەرمی‌و گڕگرتوویان دەخاتە نێوان کاتێکە کە دوژمن دەشکێنن‌و هەر کاتێ ویستی لە سەنگەرە پێش‌چووەکانمان نزیک بێتەوە دەیڕەتێنن‌و تارو ماری دەکەن.

بەسەر گردو یالەکانی نارچەی قەصری شیرین‌دا جەنگاوەرانی بە جەرگی عەرەبی فەلەستینی دلێر وەك شێر لە لان خۆیان دامەزراندووەو هاتوون لە جەنگی پیرۆزدا هاوبەشی دەکەن بۆ ئەوەی ساغی بکەنەوە کە چارەنووسی عەرەب یەکێکەو ئەو بیرە پڕو پووچانە بە درۆ بخەنەوە کە پاکانە بۆ ڕزگارکردنی ڕژیمی فارسی دەکەن لەسەر حیسابی مافەکانی عەرەب .

لە دارستانێکدا کە کراوە بە گۆڕستانی هێزەکانی دوژمن کە ویستبووی لێ‌یەوە دابەزێ .. نوێنەرانی ئا.د.ع جاوان بە چەند برایەکی فەلەستینی کەوت کە هاتوونەتە ناو ریزی سوپای میللی‌یەوە .. یەکێك لەوانە جەنگاوەری عەرەبی فەلەستینی بدیع محمد بوو کە سەرکردەی کەرتی سەرکەوتنەکانی عیراق بەسەر فارسی دوژمن‌دا یەکەمین سەرکەوتنی نەتەوەی عەرەب بەسەر دوژمنەکانی‌دا قەصری شیرینە گوتی : حزبی بەعسی سوشیالستی عەرەبی‌و هەڤالی فەرمانده صدام حسین لە ناو ئەنجامەکانی ئەو جەنگە پیرۆزەدا هێزی مرۆڤی عەرەبیان خستە ڕوو کە دەتوانێ سەرکەوتنی تەواو بەسەر هەر دوژمنێکدا بهێنێتەدی کە بێتە بەرەنگاریی یان خۆی لێ مەڵاس‌بدات .. بەمەجێك ئەگەر مرۆڤی عەرەب سەرکردایەتی یەکی دڵسۆزو ئازای هەبێت . ودەی‌یان‌دەهێنێت بەرەو ڕزگار کردنی فەلەستین‌و خاکی داگیرکراوی عەرەب .

هەروەها جەنگاوەر محمد احمد سلیم ووتی .. بەشداری‌کردنم لەم جەنگەدا بۆ مەشق‌پێ‌کردنە بۆ ئەوەی توانام بۆ جەنگی نەتەوایەتی‌ی گەورە ئامادە بکەم لە ڕێگای گەڕانەوەو ڕزگارکردنی فەلەستین‌دا .

جەنگاوەر جبریل محمود حسن‌بش ووتی .. هیچ جباوازی‌یەك لە نێوان دوژمنەکانی نەتەوەدا نی‌یە .. ئەگەر ئیمپریالیزم یان زایۆنیزم یان فارس بن . . چونکە جەنگی ڕزگارکردنی خاکی عەرەب هەر یەك جەنگە .. ئەگەر زەینەڵ کۆسە یان سێف سەعد یان شط العرب یان فەلەستین‌و خاکی داگیرکراوی تری عەرەب

وەزیری کار سەر لە یەکێك لە خانەی منداڵان و ئامۆژگایەکی بێ دایك و باوکان دەدات

بەڕێز بکر محمود رسول‌وەزیری کارو کاروباری گۆمەڵایەتی سەر لە بەیانی‌ی ڕێنج شەممەی ڕابوردوو سەری لە خانەی ساوایانی- الفارس - لە کەرادە مەریەم‌و ئامۆژگای - الانوار-ی‌بێ دایك‌و باوکان دا لە علویە .

وەزیری بەڕێز لە گەڵ لێپرسراوانی خانەو ئامۆژگاکەدا لەو کاروبارانە کۆڵایەوە کە دەبنە هۆی بەرەپێدانی ئەو دوو جێگایەو دابین کردنی هەموو پێداویستی مسۆگەر کردنی پەرەپێدانیان .

لەم سەردانەی وەزیری بەڕێزادا ژمارەیەك لە لێپرسراوانی وەزارەتەکە لەگەڵیدابوون

لیکۆڵینەوەی بەوتی کاروباری ڕام و دەزگا بەرهەمهێنەرەکانی ناوچەی ئۆتۆنۆمی

بەڕێز سیروان عبداللە ئەمینداری گشتی‌ی بەڕێوەبردنی کاروباری دارایی ناوچەی ئۆتۆنۆمی لە کۆبوونەوەیەکدا لە گەڵ

بەڕێزان سەرۆکی دەزگای گشتی‌ی بازرگانی شتومەکی بەرهەمهێنراو و بەڕێوەبەرە گشتی‌یەکانی کۆمپانیاکانی سەر بەو دەزگایە لە ڕەوتی کاروباری دام‌ودەزگا بازرگانی‌یە بەرهەمهێنەرەکانی ناوچەکەو پێداویستی‌یەکانیان کۆڵایەوە بۆ پتر کردنی ئەوو خزمەتگوزاری‌یانەی پێشکەشی دەکەن .

لە کۆبوونەوەکەدا بڕیار درا کادیری فەرمانبەری‌و هونەری لەو دەزگایانەدا دامەزێنرێن‌و خەزینێکی ستراتیژی لە عەمبارەکانیاندا ئامادە بکرێت بۆ ئەوەی بە دەنگی پێداویستی‌یەکانی هاوولاتی‌و خاوەندانی ودرشەو پرۆژە بچووکەکانەوە بێن .

ئا.د.ع

ئەنجوومەنی یاسادانانی ناوچەی ئۆتۆنۆمی کوردستان لە کۆبوونەوەیەکیدا کە ڕۆژی پێنج شەممەی ڕابوردوو بە سەرۆکایەتی بەڕێز احمد عبدالقادر سەرۆکی ئەنجوومەنەکە بەستی بڕیاری لە سەر پرۆگرامی نوێی‌ی ناوخۆی خۆی دا .

ئەنجوومەنی یاسادانانی ناوچەی ئۆتۆنۆمی کوردستان لە کۆبوونەوەیەکیدا کە ڕۆژی پێنج شەممەی ڕابوردوو بە سەرۆکایەتی بەڕێز احمد عبدالقادر سەرۆکی ئەنجوومەنەکە بەستی بڕیاری لە سەر پرۆگرامی نوێی‌ی ناوخۆی خۆی دا .

پرۆگرامەکە بریتی‌یە لە نۆ بەش‌و ٦٣ مادە اختصاصی ئەنجوومەنەکەو ئەرکی ئەو ئەندامەی تێدایەو ا ڕاستی‌ی ئەندامێتی‌کۆڵینەوەو پرۆگرامی کاری ئەنجوومەن‌و چۆنیەتی‌ی هەڵبژاردنی لیژنە لقی‌یەکان تێیداو دیاری کردنی کاروباریان‌و .. چۆنیەتی پرسیار کردن‌و لیپرسینەوە لە چوارچێوەی کاروباری ئەنجوومەنەکەو بڕیار لە سەردانی بڕیارە یاسایی‌یەکان‌و دانانی بۆدجەی ئەنجوومەنی دیاری کردن .

بە بڕیار لە سەردانی ئەم پرۆگرامە ئەوا پرۆگرامە کۆنەکەی ئەنجوومەن کە لە ساڵی ١٩٧٤دا دانراوە بە هەڵوەشێنراوە دادەنرێت .

هێزەکانمان هەوڵێکی ئائومێدی یانەی فارسی دوژمن سەرکوت دەکەن

سەرکردایەتی گشتی‌ی هێزەچەکدارەکان ڕۆژی سێ شەممەی ڕابوردوو بەیاننامەی‌ژمارە ١٧٤ی سەبارەت بە چالاکی‌یەکانی هێزە چەکدارەکانمان لە بەرەی جەنگ دەرکرد کە تیایدا هاتووە ئەنجامی چالاکی‌یەکانی هێزە چەکدارەکانمان لە هەموو کەرتەکانی بەرەی جەنگ ئێوارەی دووشەممەو سەرلە بەیانی‌و ڕۆژی سێ شەممە بەم چەشنە بووە :-

زیانەکانی دوژمن : چوار کوژراو لە ناوچەی میهران، سێ کوژراو لە کەرتی دیزفوول ، سێ کوژراو لە ناوچەی عەبادان . بەمەوە ژمارەی کوژراوانی دوژمن بوون بە دە کوژراو ، تێکشکاندنی سێ تۆپخانەو .حەوت ئۆتۆمبیل کە بەکیکیان سەربازیان تێدا بووە .. تێکشکاندنی یەك شەڤل‌و.. ئاگر تێ‌بەردان‌و تەقاندنەوەی سێ کۆمەڵەی تەقەمەنی، دەست بەسەردا گرتنی یەك تۆپخانەو یەك نەفەربەری زرێپۆش کە بۆ بەکار هێنان دەشێن .

فڕۆکە هیلیکۆپتەرەکانیشمان هێرشیان بردووەتە سەر بنکە سوپایی‌یەکانی دوژمن لە ناوچەی گیلانی ڕۆژئاواو بۆردمانی مولکەی دوژمنیان کردووە کە ژمارەیان نزیکەی سێ سەد کەس دەبوونو زیانێکی زۆریان پێ‌گەیاندوونو بە ساغی بۆ بنکەکانیان گەڕاونەتەوە (٥)

زیانی ئێمەیش لە هەموو کەرتەکانی جەنگ شەش شەهیدو لە کارکەوتنی یەك هاوەن‌و هەشت ئۆتۆمبیلی هەمەجۆر بووە .

لە لایەکی تریشەوە فڕۆکەکانی دوژمن ڕۆژی سێ شەممە هێرشیان هێناوەتە سەر بنکەو ئامانجە شارستانی‌و گەڕەکەکانی دانیشتوان‌و هێزەکانی بەرەنگاری زەمینی تەقەیان لێ‌کردووەو بەم چەشنەی خوارەوە ژمارەیەکیان لێ‌حستووەتە خوارەوە :

أ - لە کاتژمێری -٣٢٦-دا هێرشیان هێناوەتە سەر دەزگا شارستانییەکانی ناوچەی ئەتێبە لە بەسرە (٥)

ب - لە کاتژمێری -١٣٣٠- دا هێرشیان هێناوەتە سەر دەزگا شارستانییەکان‌و گەڕەکەکانی نیشتەجێ لە کەرکووك .

ج - زیانمان : یەکەم .. بریندار بوونی چوار ئافرەت‌و زیان لێ‌کەوتنی هەندێك دەزگای شارستانی لە کەرکووك .

دووەم .. شەهید بوونی سێ کەس‌و بریندار بوونی حەفدە هاووڵاتی لە شێتبە .

د - هێزەکانی بەرەنگاری زەمینیمان پێنج فڕۆکەی دوژمنیان لە ناوچەی کەرکووك خستووەتە خوارەوە کە هەموویان لە پارێزگای تەئمیم‌دا کەوتوونە خوارەوە .

چەکدارەکان‌ڕۆژی دووشەممەی ڕابوردوو بەیاننامەی ژمارە -١٧٢-ی دەرکرد کە تیایدا هاتووە سوپا مەزنەکەمان بە بڕوایەکی بەرزو چەسپاوەوە لە هەموو کەرتەکانی بەرەی جەنگ ڕاوەستاوەو ئامادەیە هەر هەوڵێکی دوژمنی بێ‌چارە تێك بشکێنێت بیەوێت لەو سەرکەوتنە مەزنانەمان کەم بکاتەوە ئەمەو ئەنجامی چالاکی‌یەکانی ئێوارەی یەك شەممەو سەر لە بەیانی‌ی دووشەممە بەم چەشنە بووە.

زیانەکانی دوژمن دوو کوژراو لە ناوچەی سۆمار ١٠ کوژراو لە ناوچەی دیزفوڵو ٣ کوژراو لە ناوچەی عەبادان‌و ٤ کوژراو لە خەفاجیە کە هەمووی کردی ١٩ کوژراو ، تێکشکاندنی ٦ ئۆتۆمبیل یەکێکیان پڕ لە تەقەمەنی بووەو یەکێکی تریش پڕ لە سەرباز بووە ، تێکشکاندنی سەنگەری تۆپخانەیەك کە بریتی بووە لە شەش تۆپخانە ، لە ناوچەی سۆمار سەرەڕای دەست بەسەردا گرتنی ژمارەیەك چەکی سووك لە ناوچەی ئەهواز ، خستنە خوارەوەی دوو فڕۆکەی هیلیکۆپتەری دوژمن لە ناوچەی عەبادان .

لە لایەکی تریشەوە فڕۆکە هیلیکۆپتەرەکانمان ڕۆژی دوو شەممە هێرشیان بردووەتە سەر سەنگەرە سوپایی‌یەکانی دوژمن لە ڕێگای عەبادان شێتخ بدێرو یەك تانك‌و یەك نەفەربەری زرێپۆش تێك‌شکاندووەو بە ساغی گەڕاونەتەوە بنکەکانیان .

زیانی ئێمەیش لە هەموو کەرتەکانی بەرەی جەنگ پێنج شەهیدو لە کارکەوتنی دوو ئۆتۆمبیل‌و دوو نەفەربەر بووە .

هەروەها لە بەیاننامەی ژمارە - ١٧٣ -ی هەمان ڕۆژدا هاتووە کە دوژمنی نەزان هەوڵی داوە هێرشی بەرانبەرانە لە ناوچەی عەبادان لە کاتژمێری ٢٣٠٠ی شەوی ٧-٨ی کانوونی یەکەمی ١٩٨٠ دەست پێ‌بکات کە هێزە نەبەزەکانمان ڕووبەڕووی بوونەتەوەو زیانێکی زۆری ماڵی‌و گیانی‌یان لێ‌داوە .

ئەوزیانانەی دوژمن کە بینراون ٤٢٠ کوژراوو ژمارەیەکی زۆری بریندران بووە .

زیانی ئێمەیش حەوت شەهید بووە .

بەرهەمی وەرزی کشت‌وکاڵی‌ی زستانی دەشتی شارەزوور لە سلێمانی

دەزگای گشتی کشتوکاڵی شارەزوور ، لە پارێزگای سلیمانی ، تا ئیستا توانیویەتی لە سەدا ٦٥ ی نەخشەی کشتوکاشی وەرزی‌زستانی ئەمسال جێ‌بەجێ بکات ، بۆ ئەم نەخشەیە کە تا ئیستا -١٢٠٠- دۆنم زەوی کێڵراوەو هەمە جۆر بەرووبوومی کشتوکاڵی تیا چێنراوە .

هەروەها ٩٨٢٤١ دۆنم زەوی کراوە بە گەنم‌و جۆو ٨٤١ دۆنم چەوەندەرو ٢٢٨ سەوزەی زستانە ، ئەمە لەو زەوی‌و زارەی کە بۆ کەرتەکانی هەروەوەزی‌و تایبەت تەرخان کراون ، بەڵام لەو زەوی‌وزارەی کە بۆ دەزگاکە خۆی تەرخان کراوە ٦٢٠٠ دۆنم گەنمی تیا چێنراوەو -٥٠- دۆنم جەت سەرەرای ئەوەی زیاد لە نەخشەی دانراو بە جیا ٥٢٠٠ دۆنمی تر دانەوبڵە چێنراوە .

ئیش‌وکاری کشت‌وکاڵی بە پارێزگاکەمان‌دا بۆ جێبەجێ کردنی ئەم نەخشەیە بەردەوامە ، لەلایەکی تریشەوە دەزگای ناو براو بە ئامانجی پەیدا کردنی شارەزا بوو لە بەرهەمی کشت‌وکاڵی دەستی کردووە بە پێکهێنانی چەند تیپێکی بەرهەمهێنەر .

شایانی باسیشە بۆ ئەم وەرزەیش ١٥ تیپی ناوبراو ئامادە کراوە بۆ چاندنی ٩٦٤٥ دۆنم زەوی بە چەندین بەروبۆمی کشت‌و کاڵی جۆربەجۆر کە ٢٨٤ کرێکار لە گەڵ ژمارەیەکی تردا لە فەرمانبەران بۆی تەرخان کراوە بۆ ئەوەی لە کاتی دیاری کراوی خۆیدا بەپێی سیستەمێکی تایبەتی جێ‌بەجێ‌ی بکەن .

کرێکارانی سلێمانی‌و دووکۆڕ

هەردوو نیقابەی کشت‌وکاڵ‌و شت‌ومەکی خواردەمەنی لەپارێزگای سلێمانی دووکۆڕیان بۆ ئەندامی خۆیان سازدا یەکێکیان لە لقی بەڕێوەبەرێتی دامەزرگەی گشتی‌ی مریشکەوانی‌و ئەوی تر لە بەڕێوەبەرێتی‌ی فرنەکانی پارێزگاکەدا .

لە ئەم دوو کۆڕەدا لە ئەرکی چینی کرێکاری وڵات کۆڵرانەوە لە باردۆخی ئێستای جەنگدا .

حەوت هەزار و ٧٩ کوڕو کچ لە پارێزگای دهۆك دەچنە قوتابخانە

قوتابخانە سەرەتایی‌یەکانی پارێزگای دهۆك پێشوازی‌یان‌لە حەوت هەزارو ٧٩ کوڕو کچی لە دایك بووانی ١٩٧٤ کرد کە یاسای فێرکردنی‌ئیلزامی لە ماوەی ئەم ساڵی خوێندن‌دا دەیانگرێتەوە .

بەڕێز نامق رقیب محمدپارێزگای دهۆك سەرۆکی ئەنجوومەنی پەروەردەی پارێزگاکە ووتوویەتی دەزگا بەوەندارەکان هەموو پێداویستی‌یەکانی جێبەجێ‌کردنی پلانی پەروەردەیی ئەم ساڵیان بەڕێك‌و پێکی ئامادەکردووە .

لەم بارەیشەوە لە چەند قوتابخانە سەرەتایی‌یەکان لە ساڵی خوێندنی پاردا ٥٢ هەزارو ٩٠٣ قوتابی ناوچەی جۆراو جۆری پارێزگاکەدا قوتابخانەی سەرەتایی نوێ کراونەتەوە .. کە بەمانەوە ژمارەی قوتابخانەکانی ئەم قۆناغەی خوێندن بووەتە ٤٧٥ قوتابخانەی کوڕو کچ کە ٥٩ هەزارو ٢٥٠ قوتابی‌ی کوڕو کچیان تێدا دەخوێنن سەرەڕای کردنەوەی چرار قوتابخانەی ناوەندی‌و سانەوی‌ی نوێ .. بەمەیشەوە ژمارەی ئەم قوتابخانانە لە پارێزگاکەدا گەیشتە ٤٩ قوتابخانە .

ژمارەی قوتابیانی کوڕو کچ بوون‌و .. ژمارەی قوتابیانی قوتابخانە ناوەندی‌و سانەوی پیشەیی‌یەکانیش ١٤ هەزارو ٤٤٦ قوتابی‌ی کوڕو کچ بوون .. سەرەڕای شەش باخچەی منداڵان کە هەزارو ٢٥١ منداڵی کوڕو کچیان تێدایە .

لە سەرەتای ئەم ساڵی خوێندنیش‌دا ٣ هەزارو ١٩٤ قوتابی‌ی کوڕو ٨٥٨ قوتابی‌ی کچ چوونەتە قوتابخانە ناوەندی‌یەکانەوە . سەرەڕای ٦٨٨ قوتابی‌ی کوڕو کچ کە چوونەتە هەردوو خانەی مامۆستایانەوە .

لەم دوایی‌یەیشدا ٢٥٠ مامۆستای ئافرەت‌و پیاو دامەزرێنران‌و بەسەر قوتابخانە سەرەتایی‌یەکان‌دا دابەش کران بە مەیشەوە ژمارەی مامۆستایانی قوتابخانەکانی ئەم قۆناغەی خوێندن لە پارێزگاکەدا گەیشتە هەزارو ٤٣٠ مامۆستای ئافرەت‌و سەرەڕای ئەوەی کە ٤٢ مامۆستای تری ئافرەت‌و پیاو دامەزرێنراون .

تاکو ئێستایش ٤٥ هەزار قوتابی‌ی کوڕو کچو منداڵ خۆراك پێ‌دانی قوتابخانە گرتوونیەوە کە لە ٤٢٠ قوتابی‌ی سەرەتایی‌و باخچەی منداڵان‌دا دەخوێنن .

ئەنجوومەنی ڕاپەڕاندنی ناوچەی ئۆتۆنۆمی بڕیاری تەرخان‌کردنی یەك ملیۆن ٥٣٥ هەزار دینار دا بۆ پتداویستی‌یەکانی ژمارەیەك لە پرۆژەکانی ناوچەکە .

ئەم پارەیەیش بەم جۆرە دابەش کراوە بیست‌وپێنج هەزار دینار بۆ بەڕێوەبەرایەتی‌ی ناوچەی‌و حەفت سەدو چل هەزار دینار بۆ خوێندنی سەرەتایی‌و حەفت سەدو دینار بۆ کرینی کەرەستەی سەرەتایی بۆ کارگەکانی بارێوەبەرایەتی ناوچەی‌و پارەی تێ‌چوونی ژمارەیەك لە پرۆژەکانی خزمەتگوزاری .

Institut Kurde de Paris

لەوەتەی ئەم شەڕەی نێوان عیراق و ئێران دەستی پێ کردووە ، گەلێ باس و لێکۆڵینەوە لەسەر لایەڕەی ڕۆژنامەکانی ناوخۆو دەرەوە دەربارەی نوسراوە ... یەکێ لەوانە ئەم باسەیە کە لە ڕۆژنامەی (الثورە) دا لە ، باسەکە لە نوسینی ژمارە «٣٨١١» یدا بلاوکرایەوە ڕۆژی ٢-١١-١٩٨٠وە لە «باسیل یوسف » ە کە ئەندامی لیژنەی نیشتمانی مافی مرۆڤە لە عێراقدا ، چا لەبەر ئەوەی گەلێ لایەنی بەکەلکی تێدایە وا لێرەدا پێشکەشی خوێندەوارانی کوردی دەکەین

« وەرگێڕ »

پیاچوونەوەیەك بەدم شەڕەی عێراق و ئێراندا

لەبەرانگەی مافی مرۆڤایەتی و گەلانەوە

گۆڕینی وەرزێرێك

ئەم شەڕە جەربەزەیەی ئێستا سوپای پاڵەوانمان دەیکات ، مایەی گەلێ لێکۆڵینەوەو شی کردنەوەیە ، لە زۆر لایەنی یەوە ، جا وای بە باش دەزانین کە هەوڵێکی ئەوە بدەین ئەم شەڕە لە ڕوانگەی مافی مرۆڤ و گەلانەوە شی بکەینەوە ، تا تیشکی ڕوونا کی بخەینە سەر دوو لایەنی گرنگ بە لای دەوڵەتانەوە ، ئەم دوو لایەنەش بریتی یە لە :

یەکەم : ئاخۆ هەڵوێستی یاسای دەوڵەتان چی یە بەرامبەر ئەم شەڕە سەبارەت بە مافی مرۆڤ و گەلان و ، ئایا بەلای ئەم یاسایەوە شەڕێکی ڕەوایە ؟

دووەم : ئەبێ ئەم شەڕە چ کارێکی هەبێ بۆ سەر مافی مرۆڤ لە عێراقدا و ئایا بووە بە هۆی پێشێل کردنی ئەم مافە ؟

سەبارەت بە خاڵی یەکەم دەبێ لە سەرەتادا ئەوە ڕون بکەینەوە کە مەبەست لە (یاسای دەوڵەتان بۆ مافی مرۆڤ و گەلان) ئەو کۆمەڵە ڕێکەوتننامەو بڕیارەکانی ڕێکخراوی کۆمەڵەی نەتەوە یەکگرتووەکان و لیژنە تایبەتیەکانی سەر بەو ڕێکخراوەیە کە تایبەتین بە مافی مرۆڤەوە .

جا بۆ وەڵامی خاڵی یەکەم « وەك وتمان » دەبێ ئەم خاڵانەی خوارەوە باسبکەین ..

١ - مەبەست لە مافی مرۆڤ و گەلان چی یە ؟

٢ - شەڕ چ پەیوەندی یەکی بە مافی مرۆڤەوە هەیە ؟

٣ - ئایا شەڕ هۆیەکی ڕەوایە بەلای یاسای دەوڵەتانەوە دەربارەی مافی مرۆڤ ؟

لە وەڵامی پرسیاری یەکەمدا دەبێ ئەوە ڕون بکەینەوە کە مافی مرۆڤ ، کە پەیوەندە بە مامەڵەکردنی جیاوازە لە مافی مرۆڤایەتی دیل و گیراوەکانی شەڕ ، ئەمەش ڕێکەوتننامەکانی «جنێف»ی ساڵی ١٩٤٩ و پرۆتۆکۆلە پاشکۆکانی ڕێکی دەخەن ، هەروا ئەو کۆنگرەیەی کە بە ناوی «کۆنگرەی دیپلۆماسی یاسای دەوڵەتان سەبارەت بە شەڕو تێکچونی چەکدارانەوە لە - ٢٠ - شوباتی ١٩٧٤دا گیراو تا -١٠- حوزەیرانی ١٩٧٧ چەند جارێ گیرایەوە .

وە دەتوانرێ کە بە تێگرایی مافی مرۆڤ و گەلان بەوە بدەین قەڵەم کە بریتی یە لەو مافاتەی پەیوەندی هەیە بە مافی گەلانەوە لە دەستنیشان کردنی چارەنوسی خۆیان بە ڕزگار بوون لە ئیمپریالیزم و دەستەڵاتێکی هەمیشەیی بەسەر سامانە سروشتی یەکانی و پاراستنیان و بەربەرەکانی کردنی جیاوازی ڕەگەز پەرستی بە هەمو چەشنەکانی یەوە ، هەروا هاونیشتمانیان خاوەنی هەمو مافە سیاسی و کۆمەڵایەتی یەکانیان بن وەك مافی بەشدار بوون لە ڕێکەوتننامە دەوڵەتی یەکان و مافی هەڵبژاردن و پاراستنی خەڵکی لە گرتن و لێدان و زۆرەملی کردن لێیان و گەلێ مافی تری مەدەنی و سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری ... هتد .

بۆ ئەوەی هەر شتەو لە جێگای خۆیدا بێ سەبارەت بە گرنگی ی مافی مرۆڤ و گەلان لە شەڕدا دەبێ زیاتر باسی ئەو مافانە بکەین کە کارێکی گەورەیان هەیە لەسەر پەیوەندی یە دەوڵەتی یەکان و هەمو لایەنەکانی کۆمەڵی دەوڵەتان کە لە سەری ڕێکەوتوون ، چونکە هەمو بڕیارەکانی ئەتەوە یەکگرتووەکان لەسەر ئەوە یەکانگیرن کە جیاوازی ڕەگەزو مافی چارەنوسی گەلان لە بنکە گرنگەکانن و دەبێ ڕەچاو کرێن ، وە لە زۆر باس و لێکۆڵینەوەکانیدا بە وردی لێی کۆڵراوەتەوە ، هەر بۆ نمونە باسەکەی پرۆفیسۆر « هیکتۆر کرۆسبیلی » دەربارەی چەسپاندنی بڕیارەکانی ئەتەوە یەکگرتووەکان کە بەپوەندی بە مافی گەلانەوە یە لە دەسنیشان - کردنی مافی چارەنوسیاندا (بەندی ٥٥ لە باسەکە) بەرامبەر بەمەش ئەتەوە یەکگرتووەکان لە زۆر بڕیاریدا پێی لەوە داگرتووە کە جیاوازی ڕەگەز (ارباتاید) بە هەمو چەشنەکانیەوەو دەست بە سەراگرتن و داگیرکردنی بێگانەو دەست درێژی و هەڕەشەکردن لە دەسەڵاتی نیشتمانی و بەکێتی نیشتمانی ، هەروا پشت گوێ خستنی دانان بە مافی گەلاندا ... ئەمانە هەمویان بە دەرچون و یاخی بوتێکی تەواو دەژمێردرێ لە مافەکانی مرۆڤ و گەلان « بڕیاری ئەتەوە یەکگرتووەکان ژمارە -٣٢-٣٠- لە ڕۆژی ١٦-١٢-١٩٧٧ ».

بەڵام لە وەڵامی پرسیاری دووەمدا کە دەڵێ : شەڕ چ بەپوەندی یەکی بە مافی مرۆڤەوە هەیە ؟ لە وەڵامی ئەم پرسیارەدا دەڵێین ، کە ئەم پەیوەندی یە بە قوڵی دەردەکوێ کاتێ پەیوەندی نێوان مافی مرۆڤ و ئاشتی « وەك پێچەوانەیەکی شەڕ » مان زانی چونکەهەر لەمۆرکردنی بەندو پەیمانەکانی کۆمەڵی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە لە ساڵی ١٩٤٥دا دانەمرانی ئەم پەیمان و بەندانە سور بون لەسەر ئەوەی ، بەتایبەتی لە بەندی - ٥١ -دا ، کە پەیوەندی توند هەیە لە نێوان ئاشتی و مافەکانی مرۆڤدا ، هەر وەك دوو ئامانجی پێویست لە ئامانجەکانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان .

ئەم پەیوەندی یەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو کاتەی بەر لە شەڕی جیهانی دووەم کە سور بووە لە سەر ئەوەی پەیوەندی نێوان سیاسەتی تاوخۆی دەوڵەتان و سیاسەتی دەرەوە تابێ بپچڕێ ، وە باری ناوخۆی دەوڵەتان نابێ زال بێ بەسەر سیاسەتی دەرەوەیدا ، چونکە گرنگی بدرێ بە بەستنی چەوساندنەوەو کپ کردنی سەربەستی یەکانی ئەو گەلانەی ڕژێمی دیکتاتۆری فەرمان ڕەوایی دەکردن هۆیەکی گرنگی ئەو هۆیانە بوو کە نامانجیان دەستگرتن بوو بەسەر گەلانی تردا و ئەمەش بووە هۆی هەڵ گیرساندنی ئاگری شەڕی جیهانی دیسانەوە هەر ئەم ڕێبازەی باسمان کرد لە سەرەوە دەقەکەی لە ئامانج و پرۆگرامی ڕێکخراوی (یۆنسکۆ)دا دەبینین .

ئیتر ئاگاداری و بڕیاری زۆرەکانی ئەتەوە یەکگرتووەکان دەربارەی مافی مرۆڤ و ئەو یەکێتی و بەپوەندی یەی هەیەتی لەگەڵ ئاشتی جیهانی دا یەك بە دوای یەکدا دەردەچوون و جار لە دوای جاریش دوباتی ئەوەیان دەکردەوە کە پێشێل کردنی مافی مرۆڤ و گەلان بە هاڕەشەکردن دەژمێردرێت لە ئاشتی جیهانی و ئەو مەسەلەیە لەق دەکات جا بۆیە لە پێشەکی ئاگاداری (سەر بەستی دان بە گەلانی ژێر دەستە)دا ژمارە -١٥١٤- لە ١٤-١٢-١٩٦٠دا ئەم وتەیە هاتووە :-

- مشت و مڕو مل ملانێی بەردەوام لەسەر پشت گوێ خستنی سەربەستی بۆ ئەو گەلانە وەیا داتانی کۆسپ لە ڕێگایدا هەڕەشەیەکی کوشندە دروست دەکات بۆ ئاشتی جیهانی .

هەروەها بەندی یەکەمی هەمان ئاگاداری دەڵێ :

داگیرکردن و خۆسەپاندنی بێگانە بەسەر گەلاندا و چەوساندنەوەیان بە پشت گوێ خستنێکی تەواو دادەنرێ بۆ مافی مرۆڤ و گەلان و بەر پەرچی یەکی تەواویشە لەگەڵ بەندەکانی کۆمەڵی نەتەوە یەکگرتووەکان و مەسەلەی ئاشتی و هاوبەشێتی نێو دەوڵەتانیش لەق دەکات .

بڕیارەکانی ئەتەوە یەکگرتووە- کانیش وردە وردە گۆڕراو زیاتر بەرەو ئەوە چوون کە مافی مرۆڤ لەو ئاشتی یەدا ئاشتی و مافی مرۆڤەوە ، هەتا گەیشتە ڕادەیەك کە لە بڕیارێکی « لیژنەی مافی مرۆڤدا ، ژمارە - ٥ - خولی - ٢٣ - ی ساڵی ١٩٧٦) دا بە ڕونی بڵێ :

- ئاشتی مافێکی ڕەوای مرۆڤە .

بەڵام ئەو پرسیارە گرنگەی دەبێ لێرەدا بکرێ ئەوەیە کە کام ئاشتیمان دەوێ و مەبەست چی یە لە - ئاشتی - لە ناو کۆمەڵی دەوڵەتاندا ؟

ڕێکخراوی - یۆنسکۆ - گرنگی یەکی زۆری بە مەسەلەی ئاشتی و شەر داوەو گەلێ کۆڕی بۆ ئەم مەبەستە گرتووەو زۆر لێکۆڵینەوەو کتێب و چاپدراوی دەربارەی بڵاو کردۆتەوە .

دەتوانرێ بوترێ کە هەمو ڕاکان لەوەدا یەکن کە - ئاشتی - تەنیا مەبەست لە ڕونەدانی شەڕ نی یەو لەو لاشەوە مافی چارەنوسی مرۆڤ پێشێل بکرێ یا وڵات داگیر بکرێ و ڕەگەز پەرستی بەرپا ببێ ... چونکە ئەم ڕواڵەتانە لایەکی تەڵخی ئاشتین ، بەڵکو ئاشتی ڕاستەقینە دەبێ هیچ ڕواڵەتێکی پێشێل کردنی مافی مرۆڤ و میللەتانی تیادا نەبێ ، یانی ئاشتی یەك دادپەروەری و بەردەوامی لەگەڵدا بێ .

ئەمەوایە چونکە کەلێك کە دەسەڵاتی نەبێ و وڵاتی داگیر- کرا بێ ناتوانرێ بوترێ کە ئەم گەلە لە ئاشتی یەکی ڕاستەقینەو عادیلانەدا دەژی ، چونکە حاڵەتێکی ئاناسایی لەژێرەوە بەرپایەو ئەمەش مافی مرۆڤ پێشێل دەکات .

لەبەر ئەمە پەیوەندی یەکی - جەدەلی - هەیە لە نێوان ئاشتی و مافی مرۆڤدا ، هەر لاوازی یە توشی لایە لە لاکانی هاوکێشەکەبێ کاردەکاتە سەر لایەکەی تریان ، خۆ ئەگەر ئاشتی لاسەنگی تیادا بوو یانی بنیات نەترا بوو لەسەر دادپەروەری و بەردەوامی یەکی پتەو ، ئەوا تاوانێکی گەورەی نێوان بەدی ناکرێ ، بۆ نمونە وەك گەلانی ژێردەستەی ئیمپیریالیزم ، دیارە پێچەوانە- -کەشی ڕاستە ، جا بۆ چارەکردنی ئەمە دەبێ بەرامبەرەکەی ڕاستکرێتەوە .

ئەم ڕاستکردنەوەیەش گەلێ شێوە وەردەگرێ ، لەو شێوانە زۆرو زۆرە ملی کە بە - شەڕ - ناودەبرێ . ئەم باسەلەمەو دووا بەدرێژی باسی لێوە دەکەین .

بۆ وەڵامی پرسیاری سێیەم کە دەڵێ :

ئایا شەڕ هۆیەکی ڕەوایە بەلای یاسای دەوڵەتانەوە دەربارەی مافی مرۆڤ ؟

لە وەڵامدا دەڵێین کە شەڕ لە ئەسڵدا هۆیەکە لەگەڵ بەندو بڕیارەکانی ئەتەوە یەکگرتووەکاندا ناگونجێ و دەبێ هەموو بارێکی ئاڵۆزی و کێشەیەك بە شێوەیەکی ئاشتیانە چارەسەر نکرێ و زۆرو هێز بەکار هێنرێ لە پەیوەندی یە دەوڵەتی یەکاندا ... ئەمەش بەپێی ئاگاداری (٦٢٥) ی ١٤-١٠-١٩٧٠ بەڵام ئەوەی پەیوەندی بە پێشێل کردنی مافی بەربەرەکانێی ئەو کار جیاوازەو کۆمەڵی دەوڵەتان هەڵوێستێکی کەی دەربارەی ئەم بارەیان گرتووە ئەم هەڵوێستەش لە بەر دوو هۆ :

١ - پێ شێل کردنی سەرەتاکانی مافی مرۆڤ و گەلان بە تاوانێکی گەورەی دەزانن دەوڵەتان دادەنرێ ، ئەمەش تەنیا پەیوەندی بە ئاشتی و ئاسایشی دەوڵەتانەوە نی یە بەڵکو دەرچونێکە لەو پەیوەندی یەی کە دەوڵەتان خۆیان پێوە بەستووە کە دەبێ بڕێگاری مافی گەلان بکەن لە دەستنیشانکردنی چارەنوسی خۆیانداو قەدەغە کردنی داگیرکردنی زەوی بە زۆرەملی .

٢ - ئەو دەرچوون و یاخی بوونەی کە دەگاتە ئاستی دەوڵەتان نابێ بە هۆی دەسەڵاتێکی ئاسایی یەوە بەرگری لێ بکرێ بەڵکو ئەوەی ئەو دەرچوون و یاخی بوونەی دز دەکرێ بۆی هەیە هەر هۆیەکی تری پێویست هەیە بەکاری بێنێ تا ئەو زۆرە ملی و تاوانەی لەسەر لادەچێ . لەبەر ئەمە بڕیارەکانی هەموو دام و دەزگا دەوڵەتی یەکان هەموو ڕێگایەکیان فراوان کردووە بۆ گەلان کە بیگرنەبەر لەپێناوی سەندنەوەی مافی خۆڕاوی خۆیاندا ، ئەم مافەش هەر ئەو گەلانە نی یە کە هێشتا سەربەخۆیی یان ورەتەگرتووە بەڵکو بۆ ئەو دەوڵەتانەشە کە خاوەنی بوون و سەربەخۆیی خۆیانن ، یانی ئەو دەوڵەتەی لەهەر پارچەیەکی وڵاتەکەیەوە دەستدرێژی بێگانەی کرایەسەر ، مافی بەربەرەکانی ئەو دەستدرێژی یەو گێرانەوەی مافی ڕەوای خۆی هەیە بەهەر هۆیە بێ ، هەتا ئەگەر بەکارهێنانی هێزی چەکداریش بێ ، دوای بەکارهێنانی هەموو ڕێگایەکی ئاشتی خوازانە .

بەکارهێنانی هێزیش لەمەدا بەدەست درێژی ئازمێردرێ بەڵکو وێنەیەکە لە وێنەکانی خەباتی گەلان بۆ وەدەست- هێنانی مافی بریندەوەی چارەنوسی خۆی ، هەروا پێچەوانەش نی یە لەگەڵ ئەو بڕوایەی کە هێزو شەڕ قەدەغە دەکات لە بۆ چارەسە کردنی کێشەکانی نێوان دەوڵەتان .

لەمەی کە باسمان کرد دەتوانین بڵێین کە شەر کارێکی پەسەندە بۆ دەستگیرکردنی مافی خوراوی گەلان و پاراستنی خاك و زەوی وە ئەو شەڕە هۆیەکە بۆ چەسپاندنی ئاشتی یەکی ڕاستەقینەی بنیاتنراو لەسەر دادپەروەری نەك تەنیا شەڕێکی ڕوت .

لەدوای ئەمە ، دەربارەی شەڕی عێراق و ئێران ئاخۆ بڵێین چی ؟

لەو ڕاستی یانەی کە هەتا دوژمنەکانیش نایشارنەوە :

١ - ئێران بەشێك لە زەوی عێراقی داگیر کردووەو سورە لەسەر ئەوەی بیداتەوە بە عێراق ، هەر چەندە هەموو ڕێگایەکی ئاشتیخوازانەش لەگەڵیدا بەکارهاتووە ، ئەمەش پێشێل کردنێکی مافی گەلی عێراقە لە بارەی دەست- نیشانکردنی مافی چارەنوسی یەوە .

٢ - ئێران دوای دەستهەڵگرتن لە ڕێکەو- تننامەکەی جەزائیری ١٩٧٥ دەستی گرتووە بەسەر - شط العرب - دا ، ئەمەش بەبێ هیچ مافێك ، کە بەدەستدرێژی یەك دەژمێرێ بەسەر ئاوی عێراقدا .

٣ - ئێران گەلێ گوندو مەخفەری عێراقی لەسەر سنور بوردومان کردو دایە بەر توپ ، بەمەش عێراق مافێکی تەواوی هەیە بۆ وەڵامدانەوەو کپ کردنی ئەو دەستدرێژی یە .

هەر بۆ نمونە فرۆکەکانی ئێران لە ٢٣-٢-٧٩ وەهەتا ٢٦-٥-٩٨٠ ، - ٥٤ - جار هاتنە سەر عێراق و لە ٢٦-٨-٧٩وە هەتا ٣-٦-٩٨٠ هێزەکانیان - ١٥- جار شارو گوندەکانی عێراقیان دایە بەر توپ . تالە چواری ئەیلولدا هێرشە فراوانە ئاسمانیەکەیان کرد .

٤ - ئێران ئەو ساش و ئێستاش هەر هەوڵی ئەوە دەدات کە کینەو ڕقی جیاوازی ڕەگەزایەتی لەنێوان ڕۆڵەکانی گەلی عێراقدا بڵاو بکاتەوە .

٥ - ئێران بەردەوامە لە دەستخستنە ناو ئیش و کاری ناوخۆی عێراقەوە کە ئەمەش دەرچوونێکە لە یاسای دەوڵەتان

کە واتە لەسەر ئەم خاڵانەو ئەوەی لەپێشەکی وتارەکەدا هات دەتوانین ئەم شەڕەی نێوان عێراق و ئێران بەشەڕێکی ڕەوا دانێین سەبارەت بەعێراق ، چونکە عێراق هەوڵی سەندنەوەی مافی خوراوی خۆی دەداو دەیەوێ ئاشتی یەکی ڕاستەقینە بجەسپێنێ لە ناوچەکەداو بۆ ئەمەش زۆربەی لێپرسراوانی عێراق ئەمەیان ڕونکردۆتەوەو دەریان خستووە کە عێراق هیچ مەبەستێکی خراپەکاری نی یە بەرامبەر عێراق و هەر کاتێ ئێران دانی تا بە مافەکانی عێراقدا ئەوا سوپای عێراقی ئامادەیە بۆ کشانەوە لەو ناوچانەی کە گرتوونی .

خەباتی گەلانی ئێران لەم ڕۆژگارەدا

- ناظم دلبەند

ئەم ڕۆژگارەی کە مرۆڤی ئەمڕۆی ئێرانی تێیدا دەژی ، ئەمە شتێکی سروشتی یە ، دەبێت لە نێو شەپۆلی سەختی کارەساتا بژی و هەموو کاتێك چاوەکانی ببڕێتە ئەم گێژاوەی کە ئەم وڵاتەی تی کەوتووەو ئەم وڵاتەی تیا دەنالێنێ لە سایەی ڕژێمێك کە مانای ژیان و کردەوەو مرۆڤایەتی نازانێ ...

باری ئابووری ئەمڕۆی ئێران لە نێو شلەژاوی یەکی بێ بڕانەوەدا دەژیت ، باری دەرامەت بە جارێك کز بووەو ئەوت دەورێکی ئەوتۆی نەماڵە وڵاتی ئیراندا .. کەچی دام و دەزگای قوم و تاران هەموو ڕۆژێك کۆمەڵێك درۆو دەڵەسەی نایەسندەهەڵدەرێژن کە گوایە ئێران لەو پەڕی خۆشحاڵی دەرامەتی دایە ...

جا لێرەدا پرسیارێك دێتە پێشەوە دەڵێین ئایا وڵاتێك کە زیاتر لە دوو ساڵ لە نێو ئاژاوەی ئابووری بەگشتی و پیشەسازی و کشتوکاڵی بەتایبەتی بژیت دەبێ ئەم وڵاتە چ جۆرە وارداتێکی مابێت کە دڵی گەلەکەی پێ خۆش بکات ... لە کاتێکیشا تووشی ڕژێمێك هاتووە کە مانای بوون و نەبوون نازانێ و بەو مێشکە ناسنینەی خۆیان کە هەیانە ڕۆژ تا وەکو ئێوارە ئەم گەلانە دەچەوسێننەوە ، بەس و نەبێت ئەوانیش ئەوەندە بە سووك و ئاسانی دانیشتبن و گۆرانی بۆ چاوی کاڵی ئەون بڵێین .. نەخێر هەموو کاتێك ئەو گەلە تێکۆشەرانە دەست لەسەر چەکن بۆ ڕووخاندنی ئەم ڕژێمە ، چونکە ئەم ڕژێمە گوێی نەداوەتە داواکاری یەکانی ئەم گەلانەی کە غەیرە فارسن و ئەمڕۆ لە ئیراندا دەژین لەوانە گەلی کوردمان ئەو گەلەی کە هەر لە سەردەمی ئەمەوە ئەوانەی کە خۆیان فرۆشتبێتە ئەو ڕژێمە ئەویش بەدەگمەن .. کەواتە کەی ئەمە یەکسانی یەو باسی یەکسانی لێوە بکرێ ... خەلخالی ڕۆژێ بەدەیان جار بانگ ڕادەدێری هەر کەسێك باسی عەدالەتی کۆماری ئیسلامی بە خراپەبکات لە سێدارە بدرێت ، هەر بۆ خۆی بۆتە قەساب و مامەلە بە جەستەی ڕۆڵە سەربەرزەکانی ئێران دەکات . خومەینی جارێکی تریش دروپاتی لەسەر بێ عەقڵی و دراکەوتووی خۆی دەکاتەوە بانگەواز بۆ جەللادە خوێن ڕێژەکانی خۆی بڵاو دەکاتەوە کە هەر کەسێك کوردێك بکوژێت بەهەشت شایانی ئەوە ، چونکە ئەم کوردانە موسلمان نین ئاگر پەرستن . تو خوا ئەمە کەی ڕاستی یەو کەی موسلمانێتی یەوکەی نیشتمان پەورەرێتی یە .. .

ئەگەر ئەمە هەڵوێستی ناشەریفانەیان بێ بەرامبەر بە گەلانی غەیرە فارس لە ئیراندا دەبێ مانەوەو دەسەڵاتداریتی ئەو چەندریش پانانە چەند دەقیقەیەکی مابێ ، جا مادام گەلانی ئێرانیش ئەو واقعە تاڵە باش دەزانن ... هەلسن شۆرش بکەن ... بە گەلی کوردیش دەڵێین بانگری پڕ لە جۆشی هەر بەردەوام بێت کۆڵ نەدات وەك کۆلی نەداوە لە پێناوی سەندنی مافی ڕەوای خۆی و بشت گرتنی گەلانی نازادیخوازی ئەمڕۆی ئێران تا لو لە نێو بەرەیەکی پەکگرتوودا ئەم ڕژێمە بڕوخێنن و لە ناوی بەرن و دروشمی دیموکراتیەت بۆ ئێران هەڵگرن ... سڵاو بۆ ئەوانەی کە ئەمڕۆ خەبات دەکەن لە پێناوی دەنگی ڕاستەقینەی حەق لە ئیراندا ... سڵاو لە گەلی کوردمان لە کوردستانی داگیراکراوی ئیراندا ...

نەبەماڵەی ڕەزاشاداو بەدرێژایی مێژووی پڕ لە کارەساتی خەباتی کردووەلە ئیراندا بۆ سەر بەخۆیی و سەندنی مافی ڕەوای خۆی ، تا ئێستاش بەردەوام بەرپەچی هەموو ئەو کارەدرندانەی داوەتەوە کە چ لە سەردەمی ڕژێمی بنەماڵەی ڕەزاشادار لە سەردەمی ئەمڕۆی تاراندادەبێت .. کەواتە با ئێمە ئەو ڕاستیە دەستنیشان بکەین کە ڕژێمی خومەینی ئەمڕۆ لە نێو کێشەیەکی بێ بڕانەوەدا دەژیت ... چونکە هەر ئەو چەند عەمامە بەسەرەن کە ئەمڕۆ تەخت و تاراجی تارانیان بە عەقڵە بەردینەکانیان وەرگرتووە ... دەبێ دوا ڕۆژی ڕوخانی ئێجگار نزیك بێ و گەل شار بەدەریان بکات و وڵاتی منداڵی خۆیان لێیان بێزار بێ و چاوی پڕ لە زۆرداریان بنوقێنن ، بێ گومان ئەمە موعادەلەیەکی جێگیرەو هیچ کاتێك نکۆڵی لەوە ناکرێ کە ئەمە نەبێت یانی ڕوخانی ئەم ڕژێمە نەبێت .. هەر دەبێت ، چونکە بوونی ئەم ڕاستیە وەك مانگی چواردە دیارەو گەل باوەڕی بە ڕووخانە هەیە ، کەواتە گەر گەل باوەڕی بە ڕووخانی ئەم ڕژێمە بۆ گەنەی تاران هەبێت ، دەبێ بە زووترین کات بڕووخێ و لە ریشەوە دەربهێنرێ ...

جا با گەلانی ئێران تاکو ئەم ڕژێمە ناپەسندە لە ناو بەرن و کۆتای پێ بهێنن ، بۆ ئەوەی ڕژێمێکی دیموکراتیانە بهێننە کایەوە ، کە مانای نەتەوەو خاك و مرۆڤ بزانێ و خەباتی گەلانی ئێران ڕەچاو بکات تاکو ئەوانیش شاد ببن بە مافی ڕەوای خۆیان و لە ژێر سێبەری ڕژێمێکی پێشکەوتنخواز و نەتەوە پەروەردا خەباتی خۆیان درێژە پێ بدەن بۆ چەسپاندن و نە ڕووخانی ئەو ڕژێمەی کە بەرگری لە مافی ئەوان دەکات و بە نەتەوەیان دەداتە قەڵەم لە ئیراندا ..

چەوسانەوەی نەتەوەغەیرە فارسەکان و فارسە- پێش کەوتنخوازەکان ئەمڕۆ لە وڵاتی ئیراندا وای کردووە کە چاوی هەمو لایەك حەق و ناحەق ببینێ ، بۆ نموونە هەتا ئێستا لە دام و دەزگاکانی کۆماری ئائیسلامی ئێران ، کوڕە کوردێك دەورێکی ئەوتۆی نیە ، مەگەر ئەوانەی کە خۆیان فرۆشتبێتە ئەو ڕژێمە ئەویش بەدەگمەن .. کەواتە کەی ئەمە یەکسانی یەو باسی یەکسانی لێوە بکرێ ... خەلخالی ڕۆژێ بەدەیان جار بانگ ڕادەدێری هەر کەسێك باسی عەدالەتی کۆماری ئیسلامی بە خراپەبکات لە سێدارە بدرێت ، هەر بۆ خۆی بۆتە قەساب و مامەلە بە جەستەی ڕۆڵە سەربەرزەکانی ئێران دەکات . خومەینی جارێکی تریش دروپاتی لەسەر بێ عەقڵی و دراکەوتووی خۆی دەکاتەوە بانگەواز بۆ جەللادە خوێن ڕێژەکانی خۆی بڵاو دەکاتەوە کە هەر کەسێك کوردێك بکوژێت بەهەشت شایانی ئەوە ، چونکە ئەم کوردانە موسلمان نین ئاگر پەرستن . تو خوا ئەمە کەی ڕاستی یەو کەی موسلمانێتی یەو کەی نیشتمان پەورەرێتی یە .. .

ئەگەر ئەمە هەڵوێستی ناشەریفانەیان بێ بەرامبەر بە گەلانی غەیرە فارس لە ئیراندا دەبێ مانەوەو دەسەڵاتداریتی ئەو چەندریش پانانە چەند دەقیقەیەکی مابێ ، جا مادام گەلانی ئێرانیش ئەو واقعە تاڵە باش دەزانن ... هەلسن شۆرش بکەن ... بە گەلی کوردیش دەڵێین بانگری پڕ لە جۆشی هەر بەردەوام بێت کۆڵ نەدات وەك کۆلی نەداوە لە پێناوی سەندنی مافی ڕەوای خۆی و بشت گرتنی گەلانی نازادیخوازی ئەمڕۆی ئێران تا لو لە نێو بەرەیەکی پەکگرتوودا ئەم ڕژێمە بڕوخێنن و لە ناوی بەرن و دروشمی دیموکراتیەت بۆ ئێران هەڵگرن ... سڵاو بۆ ئەوانەی کە ئەمڕۆ خەبات دەکەن لە پێناوی دەنگی ڕاستەقینەی حەق لە ئیراندا ... سڵاو لە گەلی کوردمان لە کوردستانی داگیراکراوی ئیراندا ...

Institut Kurde de Paris



وێنەیەکی نوێی یەکەمین قادسیە

ئەو جەنگە نەتەوایەتی‌یەی‌کە عیراق لە چیاتی نەتەوەی‌عەرەب ئەنجامی دەدات ، سەرچاوەی بووژانەوەیەکی‌نوێی شارستانیەتی نەتەوەیەو سەرچاوەیەکی شانازی‌و ئیلهام بەخشەبۆ جەماوەری کەل لەسەرتاپای نیشتمانی عەرەب‌دا بۆ ڕاچەنین لەوخەونووتکەیەی کە ئیمپریالیزم‌بە درێژایی سەدەی پێشوو بگرە تاوەکوو ناوەڕاستی ئەم‌سەدەیە سەپاندبووی

، بۆ ئەوەی بوونی خۆی وەکوو هێزێك گاڵتەی پێ‌نەکرێت بەسەپێنێت‌و لەسەر ئەخشەی جیهان دەربکەوێت کە تێیدا ئیمپریالیزمەکان تێکۆشاون ناوچەی دەستەڵات بۆ خۆیان بدۆزنەوەو لە نێوان خۆیان‌دا دابەشی بکەن ، بەڵام هەیهوو ئەو کاتە بە سەرچوو ، ئەوەتا جەنگی قادسیەی صەدام سەری‌هەڵدا بۆ ئەوەی سەربەرزی‌و پاڵەوانێتی باو باپیرانی عەرەب بگێڕێتەوە ئەوانەی پەندی ئەوتۆیان بە داگیرکەرو ئیمپریالیزمەکان دادا ، ئەویش لە سەنگەری تێکۆشان‌و داکۆکی‌کردن لە خاکی ئەم وولاتەی کە چی سامان ماڵیان هەبوو تەرخانیان کردبوو بۆ ئەوەی بۆ جیهانی بچەسپێنن کە ئەم وولات‌و نیشتمانەی خۆیان بەخت‌کردووە شایانی ئەوەن بەیامی پارێزەری‌و پاراستنی لە ئەستۆ بگرن‌و دەستدرێژکەرو داگیرکەران لە سنووری خۆیان ڕابگرن‌و تیری خۆیان بەرەو ڕووی نگریسی خۆیان بکەنەوەو پەندی ئەوتۆیان پێ‌دابدەن هەرگیزاو هەرگیز لە یادی نەکەن .

ئەوەیش جەنگی قادسیەی صەدامە لە سەدەی بیست‌دا هەتاوی هەڵهاتووە بۆ ئەوەی بۆ جەماوەری نەتەوە ڕابیگەیەنێت کە مافێك داواکاری لە شوێن بێت هەرگیز وون نابێت‌و ئێمەیش خاوەندی مافی خۆمانین لە خاك‌و ئاسمان‌و ئاوی خۆمان‌داو زەوی‌و خاکی خۆمان لە فارسە ملهوڕەکان ستاندەوە کە تاکوو بناگوێبان لە ئەڵقە لە گوێیەتی‌ی ئەمریکادا خنکاوون‌و مێشکیان بە بیری فراوان‌خواستی‌و ڕەگەزپەرستی‌و دوژمنایەتی کردنی عەرەب پڕ کردووە ، ئەوانەیش سەربازەکانی قادسیەی صەدامن کە وێنەی ڕەنگینی بەکەمین قادسیە دووبارە دەکەنەوەو ئەوە دەچەسپێنن کە نەوەی قەعقاع‌و موتەناو خالدن ، کە سەربازەکانی خومەینی‌و بەتی صەدر لە بەرانبەریان‌دا شکان‌و هەڵاتن‌و بەهێزترین چەکی هێرشبەری ئەمریکایی نەیتوانی لە رووی هێرشی پاڵەوانانەیان‌دا خۆی بگرێت سەرەڕای خۆڕانەگرتنی درۆو دەڵەسەوجادووگەرێتی‌ی ئیبلیسە گەورەکەیان کە خۆی لە قوام‌دا حەشارداوەو ئەو سەرکەوتنە خەیاڵی‌یانەی کە لە ئیزگە شڕو هوڕەکانیانەوە

پڕو پاگەندەیان بۆ دەکەن.. بە ڕاستی قادسیەی صەدام داستانێکی نوێی عەرەبەو سەرکەوتنێکی بێ‌هاوتای ئەوتۆیە لەخرێتە سەر جەنگ‌و داستانە گەورەکانی تری عەرەب کە تێیدا سەرلەنوێ لووتی فارسەکان شکێنراو ئەو وێنەیەیان دڕێنرا کە ئیمپریالیزم بۆ پۆلیسی کەناری عەرەب دروستی کردبوو ، هەروەك چۆن لووتیان لە یەکەمین قادسیەدا شکاو کیسراو ڕۆستەمی سەرکردەیان بەزێنران‌و کوژران .. هەروەها قادسیەی صەدام وێنەیەکی نوێی یەکەمین قادسیەیە .. بەڵام لە سەدەی بیستەمدا .

« نەبەز »

بۆ ساڤایێت مهابادێ

لاڤرا نفرینا دەڤ بێنافێ

هەکە ئاگر دلی بسوژینیت
هەکە ئاسمان ڕووناهیا سنێدا ڤەمرینیت
ستران ..... ئاوازا خو بهێلیت
ئەڤ باژێرە قەت من ناهێنیت !!
هەکە هەمی کوژبێت وێ
هزار بومبا تێدا بپەقینن
کانیا زەلال ...
ل ناڤ جینا بکەفزینن
بەلبیەت وێ
بە کراسڤە بسوژینن
هەزار ساڤا ...
لناڤ ڕوندکا بخەندقینن
ئەو خینا مرۆڤا ژ بیر ناکەت
کوڤانێت ساڤایێت سێوی ژبیر ناکەت
کوڤانێت بساڤایێت ئێتیم ژبیر ناکەت ...
ژبیر ناکەت

● × ●

هەڤاڵ حافظ مایی

پێشکەشە بە دایکێکی جەنگاوەری مەهابادی

بێ بەزەیی

لە دارستانێك‌دا ، دایکێك بەپێ دزکێ
هات‌و ئەبوبست چەند دڵۆپێك ئاوبهێنێ
تاکو تینوێتی ساواکەی ،
پێ بلشکێنی !!
هێندەی زانی ، دوو سەگی هار
سنگیان وەکو بێژنگ کون کرد !
گەڕایەوە وەك باڵندەی دوو باڵ شکاو
کەوت بەسەر ساوای تینوودا ،
لەجیاتی ئاو ،
دڵۆپ .. دڵۆپ خوێنی هەردوو گۆی مەمکی کرد
بەدەمی‌دا !!
دوا سەرنجی‌دا لە خۆرو ...
مەڵۆیەك گوڵی سووری لەچاوی دا ناشت !
ساوای تینووش ، دەستی نەرمی
بەسەرو چاوی داهێنا
دەیگووت دایە !
دایە .. دایە
وای دەزانی کە زیندووە

« ئاوات کامل محەممەد »

بۆکوێ دەچن ئەوارەمان!

ڕۆژانێ بوو « خوم» بارەکان
بوونە بارانی برسێتی
بوونە برین ..
بوونە ئازار
لەئێرانی خوێنی ئازادی‌خوازانا
بارگەکەی تاوانیان دانا
وتیان : ئەم ڕژێمەزیانە ..
وتیان : ئەم ڕژێمە نانە ..
تاخۆر بەرێك
تاریکی شەو
ئێرانی گرتە یاوەشی
ئەو کاتەش پاشاڵەکانی
دواوەی ئیمام
سەروکێردیان لەگیرفانی
هبەکانیان . توند قایم‌کرد
لەدڵی مەهابادەوە
دەستیان کردەخوێن ڕشتن‌و
لەئیستگەکانیانا ئەبێت
باسی خوایان بیرچووەوە
لە ئیستگە کانیانانەبێت
ناوی هەقیان لەبیر نەها .

● فاروق ●

ژیان

گۆڕینی: محمد صالح عبدالکریم
لە عەرەبی‌یەوە

گەوێك لە گوڵستان بەسەر لووتکەی شاخێکی بەسەرزەوە نەبخوێند ... لە هاوڕێکەی پرسی : ژیان چی‌یە ؟ ئەویش ووتی : ژیان سرودێکی نەبڕاوەیە ، خونچەیەکی تازە بشکوتوش هەڵی دایە : ژیان بەهارە بەهار ، مێروولەکەشی کە بەستا پەستا دەنکە گەنمی بەکێش ئەکرد ووتی : ژیان تێکۆشانی هەمیشەیی‌یە ، لەم کاتەدا ئاسمان هەوێن هەوێن گریا وەکو بڵێ ژیان ئەشکەو گریان ، بەڵام هەڵۆیەك کە بە باڵە تیژەکانی هەوای پاکی ئاسمانی ئەبڕی ووتی : ژیان سەربەستی‌یەو بەس ، دایکەکەش کە منداڵەکەی بە سنگەوە گرلیبوو ووتی : ژیان پێکەنینی منداڵێکی ساوایە ، منیش ووتم :ژیان خۆشەویستی‌یە بە هەموو مانایەکەوە ، جەنگاوەرێکیش کە تازە لە جەنگ هاتبووە ووتی : ژیان کۆتەدانە لە بێناوی ڕزگار کردنی نیشتمانداا ... ئەی تۆ ئەڵێی چی ئەی خوێنەری بەڕێز ...؟

ڕۆڵی مەدەب لە جەنگدا

شەڕی دوو چەشنە ،شەڕی فراوان کاری‌ی سیاسەتی ئیمپریالیزمیانەو ،شەڕی سەربە خۆیی .

بێ‌گومان شەڕی‌ئیمپریالیزمیانە شەڕێکی دوژمن کاریانەیەو ئامانجی کۆیلەکردنی گەلان‌و لە ناو دانیان‌و چەسپاندنی دەسەڵات بەسەریانداو حوکم کردن لە سەر ئابووری‌و داگیرکردنی سامان‌و لە ناو بردنی ڕۆشنبیری - یانە ..

شەڕی دووەمیان شەڕی سەر بەخۆیی‌یە ، کە چارەسەرکردن‌و خۆپاراستن دەگرێتەوە : چارەسەرکردن: ڕزگارکردنی زەوی‌و زارو وە چنگ هێنانەوەی سامانی ئابووری‌یە لەژێر دەسەڵاتی بیانی‌و گەرانەوەی مافی ئینسانی‌و سەر بەخۆیی گەلان شەڕی خۆپاراستن : بەرگری کردنە لەسوپای دوژمن لەسەر سنوورو ڕێگە نەدان بە دەست خستنە کاروباری ناوخۆی گەلان‌و بەرگری کردن لە هەڵوەشانی یەکێتی نیشتمانی، چونکە بەهەڵوەشانی یەکێتی نیشتمانی ئامانجی ئیمپریالیزم بە ئاسانی دێتە دی‌و لەسەر خاکی گەلان دەست دەکاتە چەسپاندنی دەسەڵاتی خۆی‌و زەوت‌کردنی خاکیان

بەڵام ئایا ڕۆڵی ئەدەب لە خزمەتی جەنگدا ئەبێ چی‌بێ؟ وە ئایا ئەتوانێ بەشداری خۆی لە شەڕی چارەسەرکردن‌و خۆپاراستن‌و سەر بەخۆیی‌دا بکات ؟

پێ سێ‌و دوو ئەڵێین ، ئەدەب هێزی فیکرەو ، پێتووس چەکەو ، نووسەر سەرباز.. ئەدەب هیچی لە هێزی سوپاو چەك کەمتر نی‌یەو تەواو کەری هێزە بەشدار بووەکانی جەنگە ، ئەدەب بە جەنگەوە لکاوەو ئەدیب‌و شاعیرو هونەرمەند سەربازی ئەو مەیدانەن ، لە شەری چارەسەرکردن‌و سەربەخۆیی‌دا بەشدارن‌و تەنانەت بڕبڕەی پشتی شۆڕشی سۆشیالیستی‌ی کرێکاران‌و دیموکراتی ڕاستەقینەی گەلانن ، تەنانەت ئەمڕۆ ڕێکخستنی هەرەزۆری سوپاو گەل لە ئەستۆی ئەدیب‌و شاعیرو زاناو ڕۆشنبیرانە ، بۆ نموونە ئەڵانی ئێران بە تایبەتی کوردوستان زۆریەی‌هەرەزۆری شۆڕشیان لە ئەستۆی ڕۆشنبیران‌و شاعیران‌و ئابووری زانانە ، شان بەشانی هێزی کرێکاران‌و جوتیاران‌و ڕەنجدەرانی کوردوستان‌و هێزی ئامێری وەك‌و تفەنگ‌و پاچ‌و بێل‌و .. هتد هەر چۆرە چەکێك بێت .. بێ‌گومان هەمووی لە خەباتدایە بۆ بنیات نانی دەوڵەتێکی سۆشیالیستی‌و دیموکراتی لە سەرانسەری ئێراندا لەگەڵ گەلانی دراوسێ‌یاندا ..

نووسینەش ، وەکو کارێکی ئینسانی‌و جالاکی‌یەکی کۆمەڵایەتی لەواقیعی کۆمەڵەوەو لەڕووباری ژیانێکی نوێ‌وە هەڵ دەقووڵێ لەگەڵ ئەوەشا مەرج نی‌یە هەموو کارێکی ئەدەبی ئینسانی بێت گەر بێت‌و چارەسەری مەسەلەی شۆڕش‌و مەسەلە ئینسانی‌یەکان‌و گیروگرفتە کۆمەڵایەتی‌یەکان ئەکات ..

ئەوکاتە نووسەر لە ڕێگەی پێنووسەوە شتێك دەربارەی جەنگ دەنووسێ - ئەوا بەشداری‌ی تەواوی ئەو جەنگە دەکاو بارو دۆخ‌و ڕووداوی کارەساتەکان‌و کەسایەتی‌ی جەنگ تۆمار دەکاو بەمێژووی ئەسپێرێ.. ئەم مەسەلەبەش لەکردنەوەی ڕێکەیەکی نوێ‌و تیشك خستنە سەر ئەو جەنگە بەگوێرەی خوێنەری داهاتوو زۆر گرنگە .. بەم جۆرە ئەدەب لە خزمەتی جەنگدایەو .. قەڵەم سەر بازەو ڕۆڵی ڕاستەقینەی خۆی دەبینێ .

« ڕۆلا » ئامادەی کردووە

« پێش‌کەشە بە جەنگاوەرە دلێرەکانمان »



« پێشکەشە بە جەنگاوەرە دلێرەکانمان »

ئۆبان بردەبەر سێدارەو.. چارەسەرزەکانیان بەیەکێکی ئەستوور بەستیەوە ، بۆ ئەوەی جارێکی‌تر گۆرانی بۆ جوانی‌و دڵۆ‌و چیاو گوڵ ئەڵێ‌ی ... بەڵام بڕینی تۆ گەورە بوو ، هێز گەورە بوو، لە ناخدا تەقینەوەو تابلۆی شەهیدێکی ئاوارەیان دروست‌کرد .. گیانیشت ببوورە چۆڵەکەو هەر گۆرانی بۆ هەتاوی نوێ دەووت ... کەس ناتوانێ لە گۆرانی گەورەت بکا .. ئەسجارەش ، دەستداوەتە تفەنگ‌و بۆ سەربەستی دەجەنگی .. لەگەڵ هەر تەکانێك‌دا ، سەد چەپکەگوڵ ئەنەخشێنێ .. سەرگۆرانی بۆ ئازادی بۆمارەکەی ئەی جەنگاوەری دل گەورە .

عبدالله عبدالکریم
هەولێر

Institut Kurde de Paris